# کەیسەکانی زمانی یەکگرتوو
# دید و بۆچون

## ئاسۆ بیارەیی

سالی 2008 سوێد

مافی چاپکردنی ئەم نامیلەکەیە پارێزراوە

**دەستپێک**

ئەم باسە چۆن بزوا؟

دوای کۆمەڵێک بۆچونی جۆراو جۆر و چەند ووتارێک لە میدیای کوردی، بەتایبەتی لە سایەتەکان و چەند ڕۆژنامەیەک، باسی زمانی یەکگرتوو بوو بە ئەجەندەی ڕۆژ. باسکردنە لە سێ ڕەوتدا خۆی دۆزییەوە، ڕەوتی یەکەم لە ناو جەگەری سۆزەوە بۆ کێشەی زمان دەڕوانێت و هەڵگرانی پێیان وایە پرسە باڵاکانی نەتەوەیی وا دەخوازن کە دەبێ بە زۆریش بێت یەکێک لە زاروەکان بکرێنە زمانی ستاندارد و هەموو کوردێک پێی خۆش بێت یان نا، دەبێت بەو زارەوەیە بدوێت. ڕەوتی دووەم ڕەوتێکی ئاینی دوور لە هەستی نەتەوایەتی، کە خەمی ئەوەیەتی کە ئەگەر لاوەکانی کورد بۆ نموونە پیتی لاتینی بەکاربهێنن، هەستی ئاینیان لاواز دەبێت و لە ئیسلام دوور دەکەونەوە، ئەم ڕەوتە زاراوەی سۆرانیان پێ لاپەسەندە بە مەرجێک بە ڕێنووسی عەرەبی بێت . ئەم ڕەوتە بە ئاشکراو بە نهێنی لەلایەنی ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستان پشتگیر دەکرا و هێشتا دەکرێت. ڕەوتی سێیەم، دەسەڵاتی ناوچەیی (سۆران و بارزان)ە، لێرەدا زمانی کوردی لە نێوان دوو بنەماڵەدا گیری خواردووە و کێشەی زمانی یەکگرتوویان کردووەتە قوربانی بەرژەوندی ئاخفتنی بنەماڵە، هەردوو هێز ئەو زاراوەیە پەسەند دەکەن کە دەسەڵاتدارانی بنەماڵەکانیان پێی دەدوێن.

## ئەم نامیلکەیە پێشکەشە بە:

هەموو کوردێکی دڵسۆز
کەهەوڵ دەدات زمانی کورد لە ووشەی زمانی داگیرکەرانی
کوردستان خاوێن بکاتەوە

بەو کوڕ و کچە گەریلایانەی  کە خۆشترین ساڵەکانی ژیانی خۆیان
کردووەتە بەخت لەپێناوی ژیانەوە و مانەوەی کەسایەتی مرۆڤ و
زمانی کوردی..

پێشکەشە بەدایک و باوکم
کە شەرمیان نەکرد بەهەوارمی لە گەڵمدا بدوێن،  سەرباری نامۆیی
و دوورە وڵاتی

بە قوربانیانی شەڕی کاولکاری فتوحاتی ئەنفالی 1988

# پێڕست


بابەت...........لاپەڕە

1. ئەرک وکاریگەری زمان لەسەر ژیان و کەسایەتی مرۆڤ.........4

2. گریمانەی کردنی یەک زاراوە بە زمانی یەکگرتوو..............14

3. کەمکردنەوەی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی ...............17

4. دینامیکی وەرگێڕانی تەورات بۆ زمانەکانی تر ...............20

5. سەپاندنی زاراوەیەک بەبێ بنەمایەکی زانستی ..............24

6. لەناو بردنی زمان، سڕینەوەی کەسایەتی و قەدەغەکردنی مافی ژیانە ...........................................28

7. دیاردەی ئێمە و ئەوان لە منداڵدانی یەک زماندا...............32

8. بەبێ تێگەیشتن بوونمان نیە ..........................35

9. ئێمە چەند نەتەوەیەکی جیاین و تەنها نەژادمان کوردە.......39

10. ونبوونی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی لە نێوان دوو دەسەڵاتی تاکڕەودا ............................................45

11. زمان و ناسنامە دوو فاکتەری جیاوازن بۆ نەتەوە تکایە تێکەڵیان مەکەن! ............................................51

12. گریمانە پۆزەتیڤەکانی زیندوو ڕاگرتنی پێکهاتەکانی زمانی کوردی..................................................56

13. زمان ئامرازی گەیاندنی فەرهەنگە و گرێدەری ئیتنیکی و نەتەوەیی تاکەکانە...........................................61

14. ڕۆڵی زمان لە بوون بە ئەندام لە ناو گروپدا .............64

## سۆسیال سایکۆلۆژی ( Social Psychology ) و
## ئەرک وکاریگەری زمان لەسەر ژیان و کەسایەتی مرۆڤ


### کورتە Abstrac

ئەم باسە زانستیە لە دیمانەی دەروونناسی کۆمەڵایەتەوە دەڕوانێتە گرنگی زمان بۆ دروستکردنی کەسایەتی تاک و کۆمەڵگە. کەسایەتێک کە هوشیاری و گیانی سەربەخۆیی دەبەخشێتە مرۆڤ و وەکو گیانلەبەرێکی ئەکتیڤ و بزوت. زمان بریتیە لە دەنگگەلێکی بزوێن و دەنگدار و بەیەکێک لە ڕژێمە گرنگەکانی مرۆڤ دەژمێردرێت کە بە هۆیەوە لە ئاژەڵ جیای دەکاتەوە و هوشیاری پێ دەبەخشێت. زمان یەکێکە لە جەمسەرە بنچینەکان و سیستەمێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە کە بەهۆیەوە زانیاری دستگیردەکات، نۆرم و پێکهاتە، سیبمۆل و هێما، بە هاوکایە لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا، پێکەوە دەنێت. بەهۆی زمانەوە نەوەکان دەتوانن لەمێژووی یەکتر ئاشنا ببن. لەسەرئاستی میکرۆ(تاك) زمان لە نێو هەستی مرۆڤدا ڕەگی خۆی داکوتیوە. زمان ئەنبارێکە کە ڕوداوەکانی ژیانی مرۆڤی تیا ئاخنراوە. لەسەرئاستی ماکرۆ(کۆمەڵگە) تاکەکان لەیەک یەکەی شێوەگەلدا کۆدەکاتەوە و شێوازی گروپ یان کۆمەڵگە کاریگەری ڕەنگ دەداتەوە.


### فۆرمالیزەی پرسیار

ئایا بایەخی زمان لەچیدایە، بە تایبەتی لە پەروردەی سەرەکی و دوایین پرۆسەی کۆمەلایەتی بوونی مرۆڤدا؟ کاریگەی و پێویستی زمان چیە بۆ هوشیاری مرۆڤ و هاوکایەکردنی لە گەڵ

مرۆڤەکانی تردا؟ فرەئەرکی زمان چیە لە دروستکردنی بار یان دۆخی کۆمەڵایەتی بەرجەستە؟

## پیناسەی پێویست

## پێناسەی سیمبۆلیک ئەنتراکشونیزم(Interaction symbolic):

مەبەست لە چەمکی ئەنتەرئەکشون، ئەو هاوکایەیە، هاودەستی و پرۆسەیەیە کە گرووپەکان و تاکەکان لەڕێگەی ڕەفتاریانەوە کاریگەریان لە سەریەکتر هەیە(وێکپیدیا، 2007-11-23). لێرەدا ڕۆڵی ووزەی ناوخۆی مرۆڤەکان کاریگەریی خۆی هەیە لە سەر ئەوە هاوکایەیە Interaction کە دروست دەبێت، لەوەی کە چۆن مرۆڤەکان ئەو باردۆخە هەڵدەسەنگێنن کە لە ئەنجامی ئەو هاوکەیەیە دێتە ئاراوە. هەروەها چۆن و چ جۆرە (کۆنتێکسێت) گرێبەندێکی گیانی لە دایک دەبێت؟ بۆ نموونە دوو دڵدار کە ئاشقی یەکترن، یان دوو نەیار چۆن بارودۆخی نێوانیان سەیر دەکەن.

سیمبۆلیک ئەنتراکشونیزم ڕوانگەیەکە و خاڵێکی دەست پێکردنە بۆ ئەنالیزەکردنی بارێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە کە هەبێت یان ریالیست بێت. ئەم فێرگەیە کۆمەڵەیک بیردۆزی(تیۆری) لە خۆ گرتووە بۆ ئەنالیزەکردنی کۆمەڵگە، ئەو زانیانەی کە ئەم قوتابخانەیەیان پێکیان هێناوە باسی ئەوە دەکەن کە مرۆڤەکان بە کام پرۆسەدا تێ دەپەڕن بۆ ئەوەی ببنە زیندەوەرێکی کۆمەلایەتی، ڕەفتار چۆن دەکەن و بارودۆخێک چۆن تێدەگەن. هەمان قوتابخانە بە شێوەیەکی زانستیانە پێناسەی

بارودۆخیش دەکات کە لە دەرەوە و بوونی مرۆڤەکاندا بەرجەستە دەبێت. Herbert Blumer سەرەتای بۆ ئەم قۆتابخانەیە داناوە و دانای تر پەرەیان پێ داوە.( Trost&Levin ,2004 لاپەڕە 9-10).

## وەڵامگەلی پرسیارەکان

هێماکان (symbol) چۆن دروست دەبن و کاریگەریان چیە؟
ووشە ڕۆلی سیمبۆلی هەیە کە بەدرێژایی ژیان ، مرۆڤ ڕادێت لە سەر بەکارهێنانی. ووشە لە دەنگێکی رووتەوە دەگۆڕدریت بۆ دەنگێکی پڕ واتا، هەموو دەنگێکی تایبەتی دەبێتە هێمایەکی تایبەتی وپێناسەی هێمایەک، کە بە دەربڕینی ئەو دەنگە هێمایەکی تایبەت دەناسرێتەوە. دەربڕینی ئەو دەنگە دەبێت هەمان هێما بگرێتەوە و لای مرۆڤەکانی تر بناسریتەوە، بۆ نموونە دەنگی ووشەی خێزان، هیمای خێزان لای هەموو کەسێک دەناسرێتەوە و وتای خۆی بەرجەستە دەکات، Berg پەرتووکی( ئەو مرۆڤەی وازی دەکات، 1992. لا.123).

نەخشی زمان لە دروستکردنی خشتەی تایبەتی مروڤدا
مەبەست چیە لە خشتەی تاک Person schema (سۆسیال کۆگنیشن لا . 69)

هەموو مرۆڤێک خاوەن خشتەیەکی تایبەتیە بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەمرۆڤەکانی دی جیابکاتەوە، ئەو خشتەیە کۆمەڵێک خشتەی دی گرتووەتە خۆی: خشتە کارئەکتەری، خشتەی تایبەتی و خشتەی کاتی ڕودانی ڕوودا. ئەم خشتەیە بۆ مرۆڤ وەکو فیلتەرێک بە کاردێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەکاتی پێویستدا بەکاری بەرێت. بۆ نموونە بە هۆی خشتەی تایبەتیەوە، تاک

دەتوانێت خۆی لە کەسەکانی تر جیابکاتەوەو سنورێک لە نێوان کەسایەتی خۆی و ئەوانەی بەرامبەری دابنێت، ئاسانتر، هەموو مرۆڤێک دەزانێت ناوی چیە و لەگەڵ کام گروپدا تێکەڵی بکات. خشتەی ڕۆڵ زانین، بۆنموونە مامۆستایەک دەزانێت ڕۆڵی مامۆستایی هەیە و بەو چاوەش سەرنجی مامۆستاکانی تر دەدات. خشتەی ڕوداو، ئەو ستراتیژەی تیایە کەمرۆڤ هەیەتی کاتێک ڕۆبەڕوی دۆخێکی نوێ دەبێتەوە. بۆ نموونە دەبێت مرۆڤ چۆن ڕەفتاربکات لەکاتی هاوسەرگرتندا یان کاتێک لەگەڵ منداڵێکدا هەلس و کەوت دەکات.

زمان کاریگەرێکی مەزنی هەیە لە دروستکردنی ئەو خشتەیدا بۆ تاک، بە تایبەتی لە سەردەمی منداڵیدا، لە پەروەردەی یەکەمی کۆمەڵایەتیدا (پەروەردەی ماڵ). نموونە: ئەگەر باوک و دایک هوشیارانە ڕەفتار لە گەڵ منداڵەکانیان بکەن و لە ڕێگەی دیالۆگێکی زمانی ڕەوان و بابەتیانە دۆخە کۆمەڵایەتیەکانیان فیربکەن، نۆرم و پێوەرەکانیان پێ بڵێن، منداڵەکانیان خشتەیەکی پتەو و ڕێکخراو بۆ ژیانی خۆیان دروست دەکەن. نموونەیەکی تر: ئەو منداڵانەی کە لە کۆنتێکستی ڕوتی بنەماڵەیی یان ئاینی پەروەردە دەبن، بێجگە ئەو سەرۆک بنەماڵە و ئاینە، کەسانی ترو بی رو باوەڕی تر پەسەند ناکەن، ئەوەش گەورەترین زیانی گیانیان پێ دەگەێنێت و گەشەبوونیان لێ زەوت دەکات. چونکە ئەو خشتەیە وەکو فیلتەرێک بەکاردێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت خۆی وەکو تاکێکی سەربە خۆ، لە ناو کایەکانی کۆمەڵگەدا بدۆزێتەوە.

زمان لەدیمانەی سیمبۆلیکی هاوکاریگەریەوە Symbolik interaction، کە یەکێکە لە قوتابخانەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، کە باری ژیانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریەکانی لە

ڕەفتار و ئاکاری مرۆڤەوە تێ دەگات، پێی وایە زمان گرنگێکی گەورەی هەیە بۆ مرۆڤ کە هوشیارێکی تەواوی هەبێت لەسەر خودی خۆیی و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تێایدا دەژیت. بەپێی G, Mead زمان هۆکاری ئاسانکاری و گەشەکردنی کەسایەتی مرۆڤە. لە ڕێگەی دایەلۆگی نێوان جەمسەری(I ) و ( Me ) لەگەڵ هاوکایە لە گەڵ کەسی دووەمدا، هوشیاری مرۆڤ دروست دەبێت. نموونە: کاتێک مرۆڤێک لەگەڵ یەکێکی دیدا دەپەیڤێت و گوێیستی ووشەکانی خۆی دەبێتەوە، پردێک یان کەناڵێک، بەهۆی زمانەوە لە نێوان ئەو دوو کەسەدا دەبەسرێت، کە خودی خۆیان لە ناو یەکتردا دەبیننەوە. ئەم پێوەندیە وادەکات کە مرۆڤ بە شێوەیەکی ئۆبیەکتیڤانە، بۆچونەکانی خۆی لەگەڵ کەسانی گوێگریدا ببینێتەوە. ئەو پرۆسەیە ڕۆژانە چەند بارە دەبێتەوە، لێرەدا دیسان زمان وەکو ئامێرێک و جەمسەرێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی مرف ڕۆڵ دەبینێت. خۆدیتنەوە لە نێو ناخی کەسانی تردا بەهۆی کاریگەری زمانەوە، یەکێکە لە ئەرکەکانی زمان کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە. کەواتە زۆر گرنگە بۆ ناسین خود، مرۆڤ بتوانێت بە چاوی خەڵکەوە سەیری خۆی بکات و سەرنج بنوێنێت. لێرەدا پەروەردەی یەکەمی کۆمەڵایەتی کە لە خێزانەوە دەست پێ دەکات، بە بنەمایەکی بناغەیی دروستبوونی ئەو زمانە دێتە ئەژماردن، کە دەبێت باوک و دایک بۆ دروستبوونی کەسایەتی هوشیاری منداڵەکانیان بایەخی پێ بدەن. زمانێکی شکاو، کەسایەتێکی شکاو دروست دەکات، کە دەبێتە ئەنجامی گۆشەگیری و نامۆبوون لە پرۆسەکانی نێو کۆمەڵگە. بۆ نموونە کەسان و ئەندامی ئەو نەتەوانەی کە بۆیان نیە بەزمانی خۆیان بخوێنن، لە وانە کەسایەتی شکاو و شپرزەی تاکی کوردی، کە کونجێکی تاریکدا گیری خواردوە، دووچاری دژوارتین ژیان هاتووە و لە پرۆسەی پژانی گەشەبووندا دواکەوتووە.

Wittgenstin كە دانایەكی بیرمەندە لە بواری لێكۆڵینەوەی دیسكۆسی Discurs Analys، دەڵێت: ووشە و واتاكان بوونیان لە دەرەوەی خانەی كۆمەڵایەتی مرۆڤەكاندا نیە، بەهۆی زمانەوەیە كەمرۆڤەكان دەتوانن هەستیان، قینیان، و بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن. مرۆڤ زمان بۆ پێناسەی خۆی و كۆنتێكسەكەی بەكاردەبات. زمان دەبێتە هۆی ئەنجامی كە ئەركەجۆراو جۆرەكان بەجێ بگەێنرێن، (Socail Cognition لا، 52). زمان هەموو كار و ئەكتەربازیەكانی پێ دەكرێت. بە هۆی زمانەوە پۆستی مرۆڤەكان دەزانرێت، بۆ نموونە، زمانی كرێكارێك یان بازرگانێك هاوكات جیایە لە گەڵ ئاستی زمانی مامۆستایەكی زانكۆ، هەر یەكەیان بەجۆرێك دەپەیڤێت. كەواتە زمان دنیایەكی بەرجەستە بۆ مرۆڤ دروست دەكات.

Reality یان بەرجەستەبوون لە ڕاستیدا چۆن دروست دەبێت؟
بەرجەستە بوون یان ڕیالیتی بەهۆی زمانەوە دروست دەبێت، كاتێك دوو مرۆڤ باسی شتێك دەكەن و لەسەر بابەتێك ڕێك دەكەون، بەهۆی سیمبۆلەكانەوە، ژیانی خۆیان بەرجەستە دەكەن. بۆ نموونە كاتێك باسی خانوو یان كارێك دەكرێت. كونتێكستێكی هاوبەشی كۆمەڵایەتی دێتە كایەوە.
بەپێی فێرگەی سیمبۆلیك ئەنتراكشونیزم (symbolic Interaction مرۆڤ لە ناو زماندا دەژیت، زمان پێش مرۆڤە و بەهۆی زمانەوەیە كە مرۆڤ دەبێتە گیان لەبرێكی كۆمەلایەتی. ئەوەی كە زمانی دەربڕینی لاوازە، زیاتر ڕەفتاری جەنگەرانی تیایە، بۆ نموونە لە بەر ئەوەی پیاوان زمانی دەربڕینیان لە هی ژنان لاوازترە زۆر جار پیاوان ئاكاری توند دەنوێنن، بە پێچەوانەی ژنان كە دەتوانن بە زمانێكی سانا و دیالۆگ باسی خۆیان بكەن. بۆچونی مرۆڤ لەسەر جیهان بە یارمەتی زمان پێكەوە دەنرێت.

بە هۆی زمانەوەیە ئۆبیەکتەکان ناودەنرێن و لە مێشکی مرۆڤدا جێگەی تایبەتیان دەبێت. زمان باشترین شێوەیە کە مرۆڤی پێ هۆشمەند دەبێتەوە.

## ئەنجامگیری و گفتوگۆ

کەواتە زمانێکی پاراو بناغە و سەرچاوەی کەسایەتێکی پتەوە و ئامرازێکی گرنیگی بوونی کەسایەتی مرۆڤە. بەهۆی زمانەوە مرۆڤ هوشیارەو ژیانی لە ئاژەڵ جودایە. پێچەوانەکەی، زمانێکی شکاو تەنها کەسایەتێکی شکاوی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو نۆرم و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو خێزان گروپ، نەتەوەیەش دووچاری ئیفلیجی دەکات. شایەنی باسە کە بووترێت، ئەو منداڵانەی کە باوک و دایکیان سەربە خێزانی خوێندەوار و زمانێکی پاراویان هەیە، زارۆکەکانیشان زۆرجار هەمان ڕێچکە دەگرن و دۆزە بابەتیە کۆمەڵایەتیکان بۆیان ساناتر دەبێت. Berg لە پەرتووکی( ئەو مرۆڤەی وازی دەکات، 1992. لا. 36)، دەڵێت: ئەوە بە هۆی زمانەوەیە کە مرۆڤ ڕۆڵەکانی ژیان دەگرێتە خۆ و فێر دەبێت، هێماو سیمبۆلەکانی ژیانی دەناسێتەوە، ئەوە بەهۆی زمانەوەیە کە منداڵ فیری ووشی من و تۆ، تاتە و دایک دەبێت. زمانی جەمسەرێکی گرنگی زیرەکی مرۆڤە کە یاردی دەدات مرۆڤ هۆشمەندانە ژیانی ڕێک بخات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، هاوکات کە نەتەوەیەکی سەردەست زمانی نەتەوەیەکی تر قەدەغە دەکات، کەسایەتی و بوونی ئەو نەتەوە ژێردەستە دەشکێنێت، بە هەموو شێوەیک زمانەکەی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت، ئەوە گەورەترین زیانی دەروونی و فیزیکی بە گەشەکردنی تاکەکانی ئەو نەتەوە ژێر دەستە دەگەێنێت.

سەرچاوەکان

Augostino, M. Walker, I.& Donaghue, N. (2006). *Social Cognition, An intergrated introduction.* London*: Sage* Publications

Berg, L.E. (1992). *Den lekande Människan, en socialpsykologisk analys av lekandets dynamik*

ئەو مرۆڤەی وازی دەکات Lund: studentlitteratur

Johansson, T. (1999). *Socialpsykolog. Moderna teorier och perspektiv.* Lund: studentlitteratur

سۆشیال سایکۆلۆژی. لوند: ویژەی خوێندکار. بگەر، هەنگاوە بێ سنوورەکان و گۆڕانکاریەکان

Nilsson, B. (1996): *Socialpsykologi.* Studentlitteratur, Lund

Trost, J & Levin I. (2004): *Att Förstå vardagen, med ett interaktionistisk perspektiv.* Lund; studentlitteratur

سەرچاوەی ئینتەرنێتی

ویکیپیدیا، (23-11-2007).

http://sv.wikipedia.org/wiki/Interaktivitet

# بەشی 1

## گریمانەی کردنی یەک زاراوە بە زمانی یەکگرتوو

**سوێد** 2006-11-25

با بڵێین گریمانەی ئەوە سەرکەوت کە یەکێک لە زاراوەکان بوو بە زمانی ستاندارت. بەڵام کێشەکانی دۆزینەوەی زمانی ستاندارت تەنها بە ستاندارکردنی زاراوەیەکی تاقانە، کە زاراوەیەکی سەپاو بێت، کۆتایی پێ نایێت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی کۆلەکتیڤی کوردی، کە دەسەڵات وپێوەری بنەماڵە یان کاریگەری تەسکی ڕێکخراوەیی و پارتایەتی لەسەرە و ئەندامەکانی کوێرانە پابەندی بڕیارەکانن. گەڕانەوە بۆ چارەسەری ڕوکەشی یان بەکارهێنانی ڕێگەی چارەی داخراو، پەسەندکردنی زاراوەیەک وەکو زمانی ستاندارد بە دەرکردنی بڕیارێکی سیاسی، کێشەگەلێکی قوڵی لێ دەبێتەوە، کە خودی ئەو دەسەڵاتەش کە ئەو بڕیارە دەردەکات، دووچاری لە یەک ترازان و پەرەوازەیی دەبێت. نموونە پێکهاتە و ستروکتوری بەرینەی پارتیەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان، لەو کۆمەڵگە کۆلەکتیڤەوە سەرچاوەیان گرتووە کە هێشتا ئاستەکانی لە زۆر لایەنەوە دواکەتوون.

وەکو نموونە، کردمان بە بڕیارێکی سیاسی پەرلەمان زاراوەی سۆرانی بوو بە زمانی ستاندارد، ئەی ئایا نابێت ڕاڤەیەکی زانستی لە هەموو بوارەکاندا بکرێت لە مەڕ هەڵوێستی بادینییەکانەوە کە ڕەنگدانەوەی سەپاندنی سۆرانی بەسەرایندا کام شوێنەواری دەروونی و کۆمەلایەتی بەجێ دەهێڵێت؟ کە بەشێکی گرنگی بزوتنەوەی کوردی باشوور پێک دەهێنن؟ ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە دەسەت بەرداری

بادیینیەکان و هەورامیەکان بێت کە سەرچاوەی هێزی ئەو پارتیەن یا هەورامیەکانی ناو یەکگرتوو؟ چونکە زمان و کەسایەتی ڕووی دراوێکن. کە واتە ئاخافتن لە سەر زمانی ستاندارت، لە سەر بناغەی سۆز و حەزی چەند نووسەرێک، هێزێک و ڕوناکبیرێک، زیان بە یەکبوونی نەتەوەیی دەگەێنیت. چونکە دەربڕینی چارەسەری زمانی ستاندارد بە بڕیارێکی سیاسی، توێژێکی بەرینی نەتەوەی کورد دەکات دژی ئەو دەسەڵاتە و سەرەتایەک بۆ گۆشەگیربوونی ئەو کەس و خەڵکانەی کە زاراوەی سەردەستیان لا پەسەند نییە، دەخولقێنیت. چونکە دروستبوونی زمانی ستاندارت پرۆسەیەکی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسیە، نە بچڕاوە لە ئاستی هوشیار کۆمەڵگەو تاکەکانی. لێرەدا با ئەنجامی سەپاندنی زمانی عەرەبی، فارسی و تورکیمان لە بیر نەچێت.

وەرگرتنی بڕیارێکی سیاسی بۆ ستانداردکردنی یەکێک لە زاراوەکان بە زمانی ستاندارد، نەک تەنها زمانی کوردی لاواز دەکات بەڵکو کۆمەلگەی کورد دەخاتە ڕۆخ هەڵدێری پەرت بوونەوە. چونکە ئەوە پرۆسەیەکە دەبێت بە شێوەیەکی زانستیانە کاری بۆ بکرێت، نەک لە سەر بنەمای سۆزی کوردستانێکی گەورە، کە ئەبستراک و نادیارە. کەواتە دۆزینەوەی ڕێگەی زانستی کە برەو بە پرۆسەی زمانی ستاندارد بدات، زمانێکی ستاندار لە کۆی مندڵدانی زاراوەکانی کوردی، چارەنووسێکی پرشنگدارتری دەبێت، دوور لە سەپاندی زاراوەی هۆزێک یان دەسەڵاتی ناوچەیەیکی تایبەتی لە کوردستاندا کە واتە بۆ ئەوەی هێزە بزوێنەرەکانی زاراوەکانی تری کورد، لە هەستکردن بەرامبەر سەپاندنی زاراوەیەکی تر هەڵویستی دژایەتی وەرنەگرن، جێگەی خۆیەتی ڕێبازێکی زانستی بگیرێتە بەر تاکو پردێکی نیزیکبوونەوە لە نێوان زاراوەکان دروست ببێت.

# بەشی 2

## کەمکردنەوەی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی سەرەتایەکە بۆ زمانی یەکگرتوو

سوێد 2006-11-30

خوێندکارانی باشووری کوردستان لە هەفتەیەکەدا بۆ فیربوونی زمانی عەرەبی 5 وانە دەخوێنن، هەرچەندە هێچ خاڵێکی هاوبەش بێجگە لە ئاین, هەردوو نەتەوەی کورد عەرەب و پێکەوە کۆناکاتەوە، هەرچەندە هەردووکیان(کورد و عەرەب) لە دوو نەژادی جیاوازن و لەهەمان کاتیشدا نەتەوەی سەردەست ئامادەنیە کوردی بخوێنیت، چونکە خۆی بە خاوەن بڕیار دەزانێت و فەرهەنگی خۆی لا پەسەندترە. ئەو خوێندنە لە زۆر لایەنەوە کاریگەری خۆی لە سەر لاوازکردنی کەسایەتی کوردی بە جێهێشتووە، چونکە بەدرێژایی مێژوو زمانێکی سەپێنراوە و لە گەڵ کەسایەتی و فەرهەنگی کوردیدا یەك ناگرێتەوە.

هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی(ئاینی و زانستی) بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و پتەوکردنی پێوەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکی زاراوەکانی کوردستان، کە پەرش و بڵاون، پێویستە لە چارەسەری بنەڕەتی بۆ دۆزینەوەی زمانی یەکگرتووی کوردی ووزەکەیان بەکاربەرن، نەک چارەسەری بێ ستروکتور و بێ بەرنامەی زانستی، گرنگە لە پێگەی تەسکی پارتایەتی و کەسایەتی خۆیانەوە مەسەلەکە هەڵنەسەگێنن.

هەوڵەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان(کە هێزێکی ئاینی کوردیە) نموونەی زیندووە، کە کامپینێکی شاراوەی لە کۆمەڵێک

کەسانی دەروە و ناوی کوردستان دەست پێکردووە بۆ سەپاندنی زاراوەی سۆرانی کە پیتی عەرەبی بەکار دەهێنیت، لە باشووری کوردستان. دوور نیە پارتیی ناوبراو، کۆمەڵێک ئامانجی نادیاری بۆ خەڵکی کوردستان ناوئاخنی ئەم کامپینە کردبێت، لەوانە بەستنەوەی بیر و هۆشمەندی کۆمەڵگەی کوردستان بە نەتەوەی سەردەستی عەرەبەوە لە ڕێی ڕێگەگرتن لە بە کارهێنانی پیتی لاتینی لە بەشێکی باشووری کوردستان(بادینان)، چونکە بەکارهێنانی ئەو پیتانە کاریگەری زمانی عەرەبی لە کوردستان کەم دەکاتەوە، سنووری نێوان ئەو دوو نەتەوەیە لە ڕوی زمانەوە دیاری دەکات، ئەم کارەش لە قازانجی هیزە ئیسلامیەکانی کوردستان و نەتەوەی سەردەست نیە، کە لەڕی هاندانی پارتییە ئاینیەکانەوە درێژە بە تەعریبکردنی نەتەوە موسڵمانەکانی تر دەدات، کە هەندێکیان بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، ئەم ئەرکە(تەعریبکردن) بەو پەڕی دڵسۆزیەوە جێبەجێ دەکەن

ئەگەر ئەو بۆچونە ببستینەوە بەو 5 وانە عەرەبیەی کە خویندکارانی کورد لە باشوور کوردستان دەیخوێنن و لە مانگێکدا 20 سەعات لە کاتی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن. دەکرا ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی کە خۆی بە هێزێکی ناسیۆنالیسی کوردی دابنایە و خەمخۆری زمانی کوردی بوایە، هەوڵی نیزیکردنەوەی زاراوەکانی کوردی لە یەکتر بدایە لە ڕێگەی کەم کردنەوەی بە کارهێنانی زمانی عەرەبی لە کورستاندا.

ئەگەر منداڵێکی سۆرانی لە جێگەی وانەیەکی عەرەبی، وانەیەکی هەورامی بخوێنێت، چ زیانێکی لە یەکگرتنی گەلی کورد دەکەوێت، هەمان شت بۆ هەورامیەک کرمانجێک، بەڵکو ئەوە(خوێندنی زاراوەی یەکدی) پردی لە یەک تێگەشتینێکی گیانی و کۆمەڵایەتی دورست دەکات و سەرەتایەک بۆ زمانی یەکگرتووی دەخەمڵێنێت. کەواتە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی عەرەبی لە باشووری کوردستان و دۆزینەوە ناسنامەیەکی زمانی

کوردی یەکگرتوو  سنورێکی دیار لە نێوان کورد و عەرەب وەکو دوو نەتەوەی جیا و برا دروست دەکات.

کاپیسی زمانی یەکگرتوو

# بەشی 3

## دینامیکی وەرگێڕانی تەورات بۆ زمانەکانی تر

2006-12-5 سوێد

کە قەشەی نەتەوە جیاجیاکانی ئەورپا، هەستیان کرد کە زمانی ئنجیل(لاتینی) کە لەوەوپێش لە(عبری)یەوە یۆنانیەکان وەریان گێڕابووە سەر زمانی یۆنانی، خەریکە زاڵ دەبێت بە سەر زمانی نەتەوەکانی خۆیاندا، کەوتنە وەرگێڕانی. لێرەدا ئامانجێکی گرنگی چارەنووسسازیان پێکا کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دواڕۆژی نەوەکانی نەتەوەی خۆیانەوە هەبوو، ئەوان( قەشەکان) دژی ئەو ئاینە نە بوون، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی ئاینەکەیان گرتە دەستی خۆیان و بوونە ڕابەری بۆ بەرفراونکردنی هێزی نەتەوەی خۆیان، بەڵام هەستی نەتەوایەتیان بەسەر هەستی ئاینیاندا زاڵ بوو. لەداوی وەرگێڕانی ئینجیل بۆ زمانەکانی خۆیان ئەو ئاینەیان بە ئاسانی پەرەسەندتر کرد و زۆر لە وڵاتانی دنیاشیان بە هۆیەوە داگیر کرد .

ئەگەر زانا ئاینیەکانی کورد، قورئانیان وەرگێڕاێتە سەر زمانی کوردی بۆ نموونە سەر زمانی ئاڤێستا، ئێستا زمانی کوردی ئەو لاوازییەی بەخۆیەوە نەدەبینی لەڕوی یەکگرتن و فۆنەتیکەوە. بەڵام ئەوان (زانا ئاینیەکانی کورد )بە پێچەوانەوی قەشەکانی ئەورپا، لە عەرەبەکان باشتر کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و درێژەدانی تەعریبکردنی نەتەوەکانی تر بۆ قازانجی نەتەوەی عەرەب. تا سەردەمی ئەمڕۆش لە سەر ئەو کارەیان بەردەوامن و مرۆڤی کوردیان لە بازنەیەکی داخراودا گیرۆدە کردووە و بە کوردی کردنی قورئان بە کارێکی چەوتی

دەزانن. کەواتە زۆربەی زانایانی ئاینیی کورد، خۆیان بە ئیسلام زانیووە پێش ئەوەی کوردبن، یان دەتوانرێت بوترێت کەمەسەلەی نەتەوایەتیان کردووەتە قوربانی ئاینی ئیسلام، کە بە کوردی کردنی لە قازانجی سەروەری نەتەوەی کورد دەبوو، هەرەوکو چۆن زانا ئاینیەکانی ئەورپا پێش سەدەها ساڵ ئەو هەنگاوەیان زوتر هەست پێکرد و ئەمرۆ کێشەی زمانیان نییە.

چەقی قورسایی وەگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی لەوەدایە، ئەگەر کەسێکی کورد بخوازێت بیخوێنێت، پێویست ناکات کاتی خۆی بۆ فێربوونی زمانی نەتەوەی سەر دەست تەرخان بکات. لێ ئەگەر زمانی پەڕتووکە ئاسمانیەکان هیما و و کە سایەتی نەتەوەکان نەبونایە، یۆنانیەکان دژایەتی ئاینی زەردەشتیان نەدەکرد لە چیاکانی هەورامان، یان سەلاحەدینی ئەیوبی کە بە ڕەچەڵەک کوردبوو، خاچ هەڵگرەکانی فەلەستینی لە ناو نەدەبرد ئەگەر زمانی ئنجیل عەرەبی بووایە.

کەواتە دینامیکیەتی خوێندن و ئاخافتن بە زمانی دایک کۆمەڵێک خاڵی پۆزەتیڤی هەیە لە ڕوانگەی هەمەلایەنەوە، کە کاکڵەکەی کۆمەڵێک ووردەکاری و هیمای لە خۆ گرتووە، لەوانە پێوەندی رۆژانە، کۆدەکان و وەبەرهەم هێنانەوەی نۆرم و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی فێرکردنی نەوەکانی تر لە سەر ئەو زمانە. لێرەشدا کە زمانی نەتەوەیەک لە لایەن نەتەوەیەکی تر قەدەغەدەکرێت، ئامانج ئەوەیە کە زمانی نەتەوەی ژێر دەست لاواز و لە ناو ببرێت لە ڕێگەی سەپاندنی ئاین و زمانی و فەرهەنگی نوێوە. بێگومان نەتەوەی ژێردەست دووچاری گرفتی هەنووکەیی و درێژخایەن دەبێت ئەگەر بەرهەلستی نەکات و دەستپێشخەری بۆ پارێزگاری زمانەکەی نەکات.

ئەگەر قەشەکانی ئەوروپا تاکو ئەمرۆ بە زمانی ئنجیل تەوراتیان بخوێندایە، بە دڵنیاییەوە زۆر لە نەتەوەکانی ئەورپا دەتوانەوە، لە وانە یەکەم نەوەی یۆنایەکان بوون کە تەوراتیان

کرد بە یۆنانی. هەروەک چۆن نەتەوەکانی باکوری ئەفریقیا بە هۆی بە کارهێنانی زمانی عەرەبیەوە، لە ڕێ قورئانەوە لە نەتەوەی عەرەبدا توانەوە و ئەمڕۆ خۆیان بە عەرەب دادەنێن. کە ئەمڕۆ عەرەب وەکو نەتەوەی سەردەست ماف دەداتە خۆی کە نکوڵی لە بوونی ئەو نەتەوانە بکات.

تەورێکی تری بەکارهێنانی زمانی قورئان ئەوەیە کە توانی لە پرۆسەی زاڵبوونی خۆیدا نەك تەنها زاراوەکانی عەرەبی بخاتە ژێر رکیفی خۆی، بەڵکو کاریگەریشی هەبوو لە پەڕەوازەکردنی زمانی کورد و هاندانی بۆ دوورکەوتنەوە زاراوەکانی کوردی لە یەکتر. چونکە لە ناوچە جیاکانی کوردستاندا زمانی عەرەبی ساڵانێکی درێژ کلیلی خوێندنی نەوەکانی کوردی لە مزگەوت و فێرگەکان لە دەستدا بووە و بگرە تا ئێستاش لە دەستدایە. کە واتە زانا ئاینیەکانی کوردستان دەتوانن لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی کوردی و کەمکردنەوە زمانی عەرەبی لە مزگەوت و نەریتە ئاینیەکاندا، باشترین ڕۆڵی نەتەوایەتی ببینن بۆ یەکگرتنەوە ماڵی کورد بە زمان و نەتەوەشەوە.

دیسان ئەگەر هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان خۆیان بە هێزیکی ئاینی لیبراڵی نەتەوەی کورد دادەنێن، با ئەو هەنگاوە (قورئان وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی) بنێن. ئەوسا ئەو هەنگاوە بە وەرچەرخاندنێکی مێژوویی لە بزوتنەوە ئاینیەکانی کوردساتن دەژمێردرێت. ئەوسا نەوەکانی کوردیش لە بازنەیەکی ناوچەیی بچوک ڕزگاریان دەبێت و پێوەندێکی ڕاستەوخۆیان بە جیهانی گلوباڵەوە دەبێت، کە سنووری نەتەوەکانی تیا کاڵە.

---

سەرچاوەکان

http://www.watchtower.org/z/20020915/article_01.htm

# بەشی 4

## گریمانەکانی سەپاندنی زاراوەیەک بەبێ بنەمایەکی زانستی
## بە چاویلکەی نەتەوەی سەردەست

2006-12-27 سوێد

دروستکردنی بەستەرێکی بەهێز کە ببێتە هۆی نزیک بوونەوەی بەشەکانی زمانی کوردی لە یەکتر، باشترە لەوەی کە ڕێگەیەکی داخراو بگیرێتە بەر بۆ گۆشەگیرکردن و دابچڕانی ئەو بەشانە.

لە یەک تێگەیشتن و پێوەندی بە بێ بەکارهێنانی زمانی بێگانە، مایەی خۆشیە و دەبێت هان بدرێت. لە دایکبوونی ئەو پێوەر و بنەما پۆزتیڤانە ئەو بەستەری نێوان سۆرانی بادینی دەبێت ببێتە سەرەتایەک بۆ گەشەپێدانی زاراوەکانی تر کە بەشێکی جەستەی زمانی کورد پێک دەهێنن. بەهۆی بەکارهێنانی زاراوەی سۆرانی و بادینی(کرمانجی خوارو) لەم 15 ساڵەی داوییدا لە میدیا کوردیاکاندا، تارادەیەکی بەرچاو کەسانی ئەو دوو زاراوەیە ئەمڕۆ دەتوانن لەیەکتر تێبگەن.

ئەی ئەنجامی پێچەوانەکەی چی دەبێت؟ ئایا ئەو هێزە سیاسیانە لەوانە یەکگرتووی ئیسلامی و هەندێ ڕوناکبیر، بەچاویلکەی نەتەوەی سەردەستەوە کە دەخوازن زاراوەی ناوچەیەک بسەپێنرێت بە سەر ناوچەکانی تردا، چ پاساوێکی زانستیان پێیە بۆ ئەنجام دانی ئەو هەنگاوە؟ ئایا ئەگەری خاڵە نەگەتیڤەکانی ئەنجامی گۆشەگیرکردنی بەشەکانی تری زمانی کوردی(ئێزیدی، هەورامی و کاکەیی و..هتد) و ئەو زیانەیان ڕاڤەکردووە؟ یان لە بۆچونێکی سۆز و هەڵەشەوە دەخوازن سۆرانی بکەن بە زمانی ستانداردی هەموو گەلی کورد، کە تا

نوکە خودی زمانی کوردی چەند یەکەیەکی دابەشکراوە و هێشتا بەستراوە بە چەند سیستەمێکی جیاوازدا.

هەموو گروپێک بۆ ناساندن، بەهێزکردنی کەسایەتی و گەیشتن بە ئامەنجە دوورەکانی خۆی، لە کۆی پرۆسەگەلەکان دەخوازێت، گروپی بەرامبەر بە شیوەیەکی لە شێوەکان کارتێ بکات و بەرنامەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت.

کەواتە بۆ ئەوەی کەسانی زاراوەکانی تر بتوانن خۆیان بە هاوبەش بزانن لە کۆمەڵگە و بەشێک بن لە نەتەوەی کورد، پێویستە بۆ دروستکردنی ئەو بەستەرە کاربکرێت، سەرەڕای زاراوەی جیاواز، وەکو یەکەیەکی پتەو کە یەک ناسنامەی نەتەوەی هەبێت، نەک دابران و لاوازکردنی ئەو هەستە دەرونی و کۆمەلایەتیە کە کەسەکان کۆمەڵگەیە پێکەوە گرێ دەدات.

گروپ بۆ کەسەکان وەکو ئاوێنە وایە، (Rupert, 2000 P30.)

چونکە مرۆڤ لە ناو گروپ و کۆمەڵگەدا هەست بەبوونی خۆی وەکو گیان لە بەرێک دەکات و ناسنامەو کەسایەتیەکەی بەو گروپەوە پێوەستە.

قەدەغەکردن و وەلانانی بەشەکانی تری زمانی کوردی، نەک زاراوەکانی تر، کە هەندێ ڕۆشنبیری وا ناویان لێ دەنێن، چونکە هێشتا سۆرانیش نەک هەر زمان نییە، بەڵکو زاراوەیەکی ناوچەیی و لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی دایە و بە سەدەها ووشەی ئەو زمانە تێهەڵکێشی بووە، ئاکامی نەگەتیڤی و نەرێنی لێ دەبێتەوە. هەڵسەنگاندی بەشە گرنگەکانی زمانی کوردی، بە تەرازوی نەتەوەی سەردەست، هەستی نەتەوایەتی لای پێکهاتەو کەسانی ئەو بەشانەی تری زمانی کوردی لاوازدەکات و سەرەتا بۆ دروستبوونی نەتەوەیەکی تر دروست دەکات. بۆ نموونە ئەگەر سۆرانیەک هەورامیەک وەکو کوردێک پەسەند نەکات، بێگومان هەورامیەکەش خۆی بە کورد دانانێت. دوور نەڕۆین ئێزیدیەکان

و شەبک و فەیلیەکان باشترین نموونەن کە دەبێت ئەزمونی لێ وەربگیرێت.

سەپاندی زاراوەی ناوچەیی سۆرانی، بەسەر بەشەکانی تری زمانی کوردیدا، دەبێتە هۆی داخستنی دەروازەی دیالۆگ و بەستەر لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا لەو شوێنانەی کە ئەو بەشە زمانەی تیادا باوە. کەواتە هێنانەوەی نموونەی بێ بنەماو کاڵ بۆ بەفەرمی ناساندی سۆرانی وەکو زمانی ستاندارد، نەک لە سەرچاوەیەکی زانستیەوە هەڵنەقولاوە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، بەڵکو کاردانەوەیەکی دەرونیە لای ئەو چەند کەس و گروپە، وەکو ئامرازێکی بەرگری ناسنامەیە لەئەنجامی چەوسانەوەی نەتەوایەتی سەرچاوەی گرتووە، نەک هۆشمەندی زمانەوانی.

---

سەرچاوەکان

Brown, R. (2000). *Gruop Psykology.* Library of Cataloging-Publication Data.

# بەشی 5

## لەناو بردنی زمان، سڕینەوەی کەسایەتی
## و قەدەغەکردنی مافی ژیانە

2007-1-6

لەبەر ئەوەی کە زمان ئامرازی پێوەندی کردنی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤەکانی دی و سەرچاوەی کەسایەتیە، پەروەردەی کۆمەڵایەتی بە هۆی زمانەوە گەشەی پێ دەدرێت، هەر هەوڵێک بۆ قەدەغەکردن و سەرکوێرکردنی، سەرەتایەکە بۆ گۆشەگیرکردنی ئەو مرۆڤە و ڕوتکردنەوەی لە هەموو مافێکی مرۆڤانە. بەهۆی زمانەوە مرۆڤەکان دەتوانن لەگەڵ یەکتر بدوێن و خۆیان بەو گروپ و یا کۆمەڵگەوە ببستنەوە. بە بۆچونی نیلسۆن، لەڕێگەی زمانەوەیە کە پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان مرۆڤەکان لە دایک دەبن، بوونی زمانی ئاخافتنە کە گیانی بەکۆ و نزیک بوونەوە دەخەملێنێت و گەشە بە هۆگربوون دەدا. کۆمنیکاسیۆن یان پێوەندیکردن زانیارگۆڕینەوە، بیرۆکە دروست کردن و هەست دەگرێتە خۆی کە سەرچاوەی کەسایەتی دەسەلمێنێت (نیلسۆن و واڵدمارسۆن، 1994).

کەواتە بە پێی بۆچونی ئەو لایەن و کەسانە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بایەخی بوونی زمان بە شێوەیەکی زانستی هەڵناسەنگێنن (لایەنی ئیسلامی و ئەوانەی پابەندی نەتەوەی سەردەستن، ئەوانەی لەڕوی سۆزەوە دەڕواننە کێشەی نەتەوایەتی) بە قەدەغەکردن بەشەکانی زمانی کوردی و سەپاندنی زاراوەی سۆرانی بە سەر پێکهاتووە بنچینەیەکانی زمانی کوردی، کە هەریەکەیان قورسایی و گرنگی خۆی هەیە، گەورەترین زیان لە کەسایەتی نەتەوەی کورد دەدەن وەکو

یەکەیەکی یەکگرتوو، چونکە بەشێکی زیندوی پێکهاتەکە پەڕاوێزدەکەن. شکاندن و سەرکوێرکردنەوەی کرمانجی و هەورامی بۆ نموونە، نەک تەنها کەسانی ئەو دوو زاراوەیە تووشی تەزاندن و دەخاتە سەنگەری کاردانەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی ناکۆکێکی ناوەخت و جەستەی نەتەوەی کورد نیزیک هەڵدێرێکی مەترسیدارتر دەکاتەوە. سەیر لەوەدایە ئەو لایەن و کەسانە کە بانگەشەی سەپاندنی زاراوەی سۆرانی دەکەن، ئامادەن زمانی داگیرکەران پەسەند بکەن و منداڵانی کوردستان، بۆ نموونە قورئان خەتم بکەن، بەبێ ئەوەی لێی تێبگەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو منداڵانە بێبەری دەکەن لە ئەوەی کە هوشیاریان هەبێت لە سەر ئەو زمانەی کە خۆیان پێ دەدوێن، کە سیمبۆلی کەسایەتی و بوونیان دەسەلمێنێت. ئەو لایەن و کەسانە، دەبێت بەرپرسیاریەتی خۆیان لە ئاست شێواندی کەسایەتی کۆمەڵگەی کوردی شیبکەنەوە و ناوەڕۆکی نەخشەکانیان بخەنە ڕوو، نەک تەنها ڕوکەشیانە باس لە کەیسی یەکگرتووی زمانێک بکەن. پێویستە لە باتی هەڵنانەوەی هەنگاوێک بۆ قەدەغەکردنی زاراوەکانی تر، زمانی کوردی لە ووشەی نەتەوەی سەردەست پاک بکرێتەوە و پردی وابەستەیی نێوان ئەو دوو زمانە بڕوخێنرێت نەک پەرەی پێ بدرێت. هەر ئەو گروپ و کەسانە، خودی سۆرانیەکەی خۆیان دەستەمۆی دەستەواژەی عەرەبی ئیسلامیە و ناتوانن خۆیان لە پابەندی زمانی نەتەوەی سەردەست ڕزگاربکەن، بەڵام جاڕی قڕانی هەورامی، کرمانجی، فەیلی و بەشەکانی تری زمانی کوردیان دەدەن.

سەپاندنی زاراوەیەک یان زمانێک بە سەر نەتەوەیکی تردا لە بەر ڕۆشنایی ئەو تیۆر و گریمانە زانستیانەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە بارەی گرنگی زمان بۆ کەسایەتی مرۆڤ وەکو گیان لەبەرێکی کۆمەڵایەتی، درەهاویشتەی

نەگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە، چونکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و بوونی ئەو کەس و کۆمەڵگەیەوە هەیە( نیلسۆن و واڵدمارسۆن،1994). ئەوە دەبێتە هۆی بچڕاندی پێوەست و ڕوخاندی ستونەکانی کەسایەتی تاک و کۆمەڵگە و لابردنی ئەو شیرازانە کە پێویستن بۆ یەکبوونی کۆمەڵگە و نەتەوە.

دروست کردنی گروپگەلی دژ(Brown, 2000) و قوڵکردنەوەی کێشەکانی زمانی کوردی، لە ساتێکی وادا، بۆ قازانجی نەتەوەی سەردەست کە 1400 ساڵە گەلی کورد ئەنفال دەکات، دەڕژێتە ئەو خانەیەوە کە پاساو بدات بە نەتەوەی سەردەست، بەتایبەتی عەرەب بۆ گۆی نەدان بە هەزارەها قوربانی ئەنفال و سیاسەتی جینۆسایدی هەشتاساڵەی ڕژێمە عەرەبیە ئیسلامیەکانی عێراق، کە کوردی تیادا کۆیلەیە. لێرەوە پێویستە ئەو گروپ و لایەن و کەسانە، ووزەی خۆیان بۆ دژایەتی کردنی نەتەوەی سەردەست تەرخان بکەن، نەک بکەونە جەستەی پێکهاتەی بەشەکانی زمانی کورد. ئەگەر ووتنەوەی قورئان بە عەرەبی و بانگدان لە ڕۆژێکدا پێنج جار تەعریب نەبێت، ئەی چی ناوی تەعریبە؟ ئایا ئەو لایەن، گروپ و کەسانە، سەرنجی ئەوەیان داوە کە گرنگی دان بە ئاینی نەتەوەی سەردەست، چی زیانێکی مێژوویی بە کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی داوە؟ کە کەسایەتی خۆشیانی شێواندوە و ناتوانن خۆیان یەکلایی بکەنەوە؟

---

سەرچاوەکان:

باسی زانستی لە سەر کاریگەری زمان لە سەر کەسایەتی مرۆڤ.
زانکۆی خێڤدە/کۆلێژی دەروونناسی کۆمەڵایەتی.

Nilsson, B & Waldemarson A K(1994).: *Kommunikation Samspel mellan människor.* Studentlitteratur

Brown, R (2000): *Group Processes*. Library of Congress Cataloguing- in- Publication Data.

# بەشی 6

## سەرهەڵدانی دیاردەی ئێمە و ئەوان
## لە منداڵدانی یەک زماندا

سەرهەڵدانی دیاردەی ئێمەو ئەوان لە هەر خێزان، گروپ ، کۆمەڵگەیەک دەبێتە ئاکامی ناکۆکی، دووبەرەکی و گرژی. کۆی بۆچونە جیاوازەکان ئەگەر ڕێگەی پۆزتەیڤ نەگرنە بەر و دەسەڵاتی ئارەزووەکان بەسەر بەرژەوندی گشتی و زانستیدا زاڵ بن، ئەو گروپ و کۆمەڵگەیە دووچاری پەرەوازەیی و جیابوونەوە دەکات. دروستبوونی گروپی دژ یان لایەنی ناکۆک لە کۆی یەک کۆمەڵدا، کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکاری زانستی لە خۆی گرتووە. ئەندام بوون لە کۆمەڵێک، گروپێک یان نەتەوەیەک بەپێی (Mead 1863-1931) کە پرفیسۆری کۆمەڵناسی بوو و خاوەنی بیردۆزی کۆمەڵایەتی هیمای هاوکایەی مرۆڤەکانە(symbolisk interaktionism)، وەکو ئاوێنە وایە کە خودی ئەو کەسە خۆی تیا دەبینێت و ناسنامە و مێژووی و کۆمەڵایەتی خۆی تیا دەبینێتەوە. لەبەر تیشکی ئەو بیردۆزە کە ئەگەر هاتوو مەسەلەیەک یان ئامانجێک لە دەرەوەی ناسنامەی گروپێک یان کۆمەڵێک سەپێنرا، ئەو سەپاندنە دەبێتە هۆی دروستبوونی لایەنی دژ و کاریگەری هەرەوزی و هاوبەشی کەم دەبێتەوە. ئەنجام، هەرەوزێک یان گروپێکی دی لە نێو منداڵدانی گروپە ڕاستەقینەکەدا دروست دەبێت.

سەپاندنی زمانێک یان باوەڕێک بەسەر کۆمەڵێک مرۆڤدا، دەبێتە سەرەتایەک بۆ لە بار بردنی ئەو هەستە هاوبەشیە و هاندانی ناسنامیەکی نوێ لە کن ئەو گروپ و کۆمەڵە کە لەگەڵ گروپە

گەورەکەدا و لە ئاکامدا  یەکدی ناگرنەوە. هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی بەرگری، چونکە کێشەکە پێوەندی بە ناسنامە و بوونی ئەو مرۆڤەوە هەیە و لەگەڵ پرۆسەکانی تری ژیان پەیوەستە.

بۆ ئەوەی بەشە گرنگەکانی زمانی کوردی، گۆران، کرمانجی سەرو و خوارو..هتد ناسنامەیەکی نوێیان لا دروست نەبێت بە سەپاندنی یەکێکان بەسەر ئەوی تردا و هەریەکێکیان کەسایەتیەکی تایبەتی بە خۆیەوە نەگرێت، نەبنە سەرەتایی بۆ لە دایکبوونی نەتەوەیەکی نوێ لە منداڵدانی زمان و کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەرکی ڕۆشنیران و پەرلەمانی باشووری کوردستانە کە بەشێوەیەکی زانستی پرۆسەی ئاشناکردنی بەشەکانی کوردی بەیەکتر گەشە پێ بدەن و سەرەتایەک بۆ زمانێکی کوردی پاراو و پەتی دروست بکەن. گرنگی پرۆسەی نیزیکردنەوەی بەشەکانی کوردی و ئاشناکردنیان بەیەکتر، لە زۆر ڕووەوە گیانی یەکبوون و هاوبەشی و هەرەوەزی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەهێز دەکات. یەکێک لەو هەنگاوانە، کە زۆر گرنە، بایەخدان بە پێکهاتەو ئەو زاراوە گرنگانە کە کۆڵەکەی زمانی کوردی وەکو یەکەیەکی زیندوو پێکەوە دەلکێنن.

بە پێچەوانەوە، ئەگەر دەسەڵاتی میدیا، سیاسی کوردستان و ڕۆشنبیران گۆی بە مەسەلەی زمان بدەن و هانا بۆ زمانی نەتەوەی سەردەست نەبەن بۆ پڕکردنەوە کەلێنەکانی زمان، ئەگەر بەشێوەی ئەمڕۆ ووشەی عەرەبی بۆ نموونە بەکاربهێنن، ماوەیەکی تر درەنگ دەبێت و دەبێتە کێشەیەکی قوڵ کە نەوە داهاتووەکانی کورد پێوەی بناڵێنن. لێ بەهێزکردنی هوشیاری زمان لە لای ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی زۆر پێویستە بۆ پاراو ڕاگرتنی زمانی کوردی. پرۆسەی زمانی یەکگرتوو و زمانێکی پاراو، ئەرکی دەسەڵات و پەیمانگاو فێرگەکانە، کە دەبێت

منداڵانی کوردی پێ لە سەر ڕابهێنن. ئەندامانی پەرلەمان، مامۆستای زانکۆ و فێرگەکان ئەمڕۆبێت یا داهاتوو، دەبێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، ئەگەر خۆیان بە پێشەنگ و سەرچاوەی پاکی زمانی کوردی بزانن.

کاپیسی زمانی پەیکەر ئۆ

# بەشی 7

# بەبێ تێگەیشتن، بوونمان نییە

# زمان و دیالۆگ ئەو سەرچاوەیەیان لە خۆ گرتووە*

سوێد 2007-2-6

assobyari@yahoo.com

زمان سەرچاوەی تێگەیشتن و دیالۆگە، سەرچاوەی بوونی مرۆڤە و بە هێزیی ئاخافتن لە وەدایە کە برەو بەپێوەندی کۆمەڵایەتی دەدات لە نێوان گروپێک یان کۆمەڵگەیەک. هەستی بوون بە هۆی ئاخافتنەوە ئەو ووزەیە بەمرۆڤ وەکو گیانلەبەرێکی کۆمەلایەتی دەبەخشێت و ناسنامەیەکی پێدەدات. زمان وەکو ئامرازێکی دیالۆگ گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لە وانە لە پرۆسەی پەروەردە و گەشەکردن. مرۆڤ ناتوانێت خۆی بناسێتەوە ئەگەر لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی لە گەڵ مرۆڤەکانی ترد بەشدار نەبێت، ئەو خۆ ناسینەوەیەی مرۆڤیش وەکو گیانلەبەرێکی کۆمەلایەتی بە هۆی زمانەوەیە . لە بەر تیشکی ئەو بۆچونە ئەو ئەنجامە دەستەبەر دەکرێت کە قەدەغەکردن و لە ناوبردنی هەر زمانێک زیانگەلێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە پاش خۆی بۆ ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵگەیە بە جێ دەهێڵێت و گەشەکردنی لێ زەوت دەکات، سەرباری لە ناوبردن. کەواتە هیچ سەیرنییە کە داگیرکەرێک وڵاتێک داگیر دەکات یەکەم هەنگاوی ئەوەیە کە زمانی ئەو نەتەوە ژێر دەستە لاوازبکات لە ڕۆڵی بەکارهێنانی لە نێو دانیشتوانی ئەو گەلە ژێر دەستەدا .

لێرەو دیسان ئەگەر لە سەر بنەمای سۆز و هەڕەمەکی و بەبێ بەرنامەیەکی زانستی، یەکێک لە بەشەکانی زمانی کوردی بەسەر بەشەکانی تردا بە بڕیارێکی سیاسی سەرپێی زاڵ بکرێت، گریمانەی لە یەک ترازان نزیکتر دەبێت لەوەی گیانی دیالۆگ و پردی یەکبوونەوە ببەسترێت. لێ زمانی دیالۆگە کە پێوەندەیە کۆمەلایەتیەکان بە یەکتر ئاشنا دەکات و ئەو بنەما پتەو لە نێو ئەندامی نەتەوەیەک دروست دەکات بۆ سەرەتای لە دایک بوونی زمانێکی یەکگرتوو. کەواتە بۆ گەلێکی ژێردەستەی وەکو کورد، بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی کە لەڕوی سۆزەوە لە گەڵ سەپاندنی سۆرانین بە سەر ستونەکانی دی زمانی کوردیدا، گەشە پێدانی سەرجەم شێوە زمانەکانی کوردی هەنگاوی یەکەمە بۆ بەستنەوەی گیانی بڕوا بوون بەیەکتر و پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی یەکگرتوو بۆ زمانێک کە هەموو تاکێکی کورد بتوانێت بە هۆیەوە بە ئاسانی لە تاکەکانی دی تێبگات.

دۆخی ئەمڕۆی لاوازی زمانی کوردی کە جێگەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، پێویستی بە کۆششێکی بێ وچانە بۆ بەرزنرخاندی لە لە لای هەموو تاکی کورد، ئەوەش کاری ڕۆشنبیر و دەزگا میری و تایبەتیەکانە و دەبێت بودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێت تا کو لە کاریگەری زمانی بێگانە بە تایبەتی عەرەبی ڕزگار بکرێت. من وا دەبنینم، کە گەشە پێدانی بەشەکانی زمانی کوردی و سوود وەرگرتن لێیان، گەورەترین قازانجە بۆ داهاتووی نەوەکان. ئەو نووسەر و لایانانەی کە خۆیان بە دڵسۆزی زمانی کوردی دەزانن، دەبێت خۆیان ببن بە نموونە بۆ بەکارهێنانی زمانێکی کوردی پاراو و ئەو هەنگاوە بنێن کە لە خودی خۆیانەوە دەست پێدەکات، نەک هەڵتەکاندنی دوا بەردی بناغەی زمانی کوردی لە پێناوی هیچدا. وەکو لە کەیسەکانی ترمدا پەنجەم بۆ بردوە، پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی ووشەی عەرەبی، کە زمانی نەتەوەیەکی سەردەستە، لە جیاتی ووشەی

زاراوەکانی تری کوردی و لاتینی، زاراوەی سۆرانی نەک پاش دەخات، بە ڵکو وابەستەشی بە زمانی عەرەبیەوە دەکات و لە ڕوی زانستیەوە گەوەرەترین زیان بە زانست و خۆێندنی کوردی دەدات. نموونەکان زۆرن، هەر لە زمانی ئەندامانی پەرلەمانەوە تاکو بچوکترین ئەندامی کۆمەڵگەی کوردی، ووشەی عەرەبی (زمانی داگیرکەر) زۆر بەشانازی و بەبێ ئاگایی بەکاردەهێنێنن. دەبا کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووشە و چەمکی عەرەبی هەنگاوی یەکەم بێت بەرەو پرۆسەی زمانی یەکگرتووی کوردی، دەبا ئەو هەنگاوە لەو ڕۆشنبیر و لایانانەوە دەست پێبکات کە خەمی گەورەیان زمانی یەکگرتووی کوردیە.

**سەرچاوەی زانستی**

Gergen, J. (2005). *An invitation to Social Construction.* Page 143. London: British Library.

## بەشی8

# با ڕاستگۆ بین، ئێمە چەند نەتەوەیەکی جیاین و تەنها نەژادمان کوردە

## بێ ناسنامەیەکی نەتەوایەتی هاوبەشین

بۆچون

2007-3-24 سوێد
assobyari@yahoo.com

نە هەورامیەک لە کرمانجێک تێدەگات، نە سۆرانیەک لە زازییەک تێ دەگات و نە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەو زاراوانە یان ئەو زمانە جیوازانە خاڵی هاوبەشی پێکەوە گرێیان دەدات، ئەمە ڕاستیەکی تاڵە و دەبێ هەمووومان پەسەندی بکەین.

زمان ئامرازێکی تێگەیشتنە بۆ گردکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە یەکەیەکی پتەودا، ئابوری هاوبەش کە کۆڵەکەیەکی ترە لە یەک نەتەوەدا، باری سیاسی و جوگرافی و زۆر لایەنی تر، لێرەدا دیسان بەشەکانی کوردستان(ئەو چەند نەتەوە جیایە کە ناویان کوردە) زۆر لەیەکتر جیان و پردی بەستنتەوەیان کەمە. ئەو خاڵە جیاوازانەی کە نەتەوەکانی لە ئامێزی کوردا جیاکردوەتەوە، لە ژیانی ڕۆژانەی گەلی کورد دا ڕەنگی داوەتەوە و ڕەگی داکوتیوە و کارێکی هێجگار زۆری دەخوازێت بۆ بەیەک ئاشناکردنیان(کرمانجی، بادینی، هەورامی و زازایی و..) کە بەڕوکەش گەلی کوردیان پێکهێناوە.

بۆ من و زۆر کەسی تر کە کوردستان و گەلی کورد وەک یەکەیەک سەیردەکەن و جیاوازی نێوان شاری قامیشلی و هەڵەبجە ناکەن، دیاربەکر و مەهاباد بە کوردستان دەزانن،

وێنەکە لەلای زۆربەی پێکهاتەکانی گەلی کورد (نەتەوە جیاکانی کورد) وا نیە، بۆ نموونە بادینێک لە ئاهەنگیشدا هێندە بەپەرۆشە و سەما بۆ گۆرانی بادینی دەکات، گۆرانی هەورامی و سۆرانی لای بێ تامەو بەڵکو چەند جارێک لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا بە چاوی خۆم بینیومە بادینیەکان هۆڵەکەیان لە کاتی ووتنی گۆرانی زاراوەیەکی تردا بە جێهێشتووە (شاری فالشۆپین لە سوێد ساڵ 2006). ئەوە هێرش نیە بۆ سەر بادینی، ئەوە راستیە، بگرە ئەم سالیش بادینیەکان ڕێزی سۆرانیەکانیان نەگرت و تەنها حەیرانی بادینیان لێ دا.

نە بوونی بناغەیەکی ناسنامەی نەتەوایەتی گشتی لە نێوان ئەو نەتەوە کوردانەدا (هەورامی، بادینی، کرمانجی، سۆرانی..هتد) وەکو نەتەوەیەکی یەکگرتوو ، وایکردووە کە هەریکە ئەوی تر بە چەند شێوەیەک بچەوسێنتەوە و خۆی بە نامۆ بزانێت کاتێک تێکەڵ دەبێت لە گەڵ ئەوی تردا، بەڵکو کێشەی ئێمە زۆر لە شەڕی نێوان شیعە و سوننە دژوارترە، چونکە ئەوان یەک نەتەوەن یەک زمانیان هەیە، بە لاوازبوونی ئاین، یەکگرتنەوەیان ئاسان دەبێت و پێوەندیان دۆخی سروشتی دەگرێتەوە خۆی.

فاکتەرەکانی دوورکەوتنەوە نەتەوەکانی ناو گەلی کورد لە یەکتر زۆرن، لە وانە داگیرکەرانی کوردستان و بە موسڵمان بوونی کورد..هتد. بەڵام گرنگترین فاکتەر، لای خودی گەلی کوردە. نوێنەرەکانی کورد، هێزە دەسەڵاتدارەکانی بەرپرسی سەرەکین لە لە دایکبوونی ئەو نەتەوە کوردانە، کە پرۆسەیەکی بەرێوەیەوە ئەگەر کاری بۆ نەکرێت، لە یەک ترازان دەبیتە دوا ئەنجام.

دەسەڵاتی بادینی و سۆرانی، کە بەدەست دوو بنەماڵەو هێزی سیاسیەوەیە، ئەوان یەکێکن لە هۆکارەکانی دروستبوونی

ئەو نەتەوە کوردانە. نموونە، هێندەی پارتیی بایەخ بە بادینان دەدات لە هەموو بوارەکاندا، شارێکی وەکو هەڵەبجەی پشت گوێ خستووە و بەڵکو ڕەنگە هەموو گەلی کورد، بە سەپانی بنەماڵە بەرزانی بزانێت کە بە بادینی دەئاخەفن. هەمان وێنە، بنەماڵەی تاڵەبانی بایەخی بێ وێنە بە شارۆچکەی کۆیە و سلێمانی دەدات بەلام هەورامان ، گەرمیان و کەرکوکیان کردووەتە مەنزلی سوالکردن. دوور نیە ئەگەر سانی هەورامانیش بمایە هەمان شتی دەرهەق بادینیەکان و سۆرانیەکان بکردایە. سەیر لەوەدایە، کە ئەو نەتەوە کوردانە(بادینی، سۆرانی، هەورامی و زازایی..) بەو پەڕی جۆشەوەو بە ئاهەنگی زمانی داگیرکەرانی کوردستان هەڵ دەپەڕن. بۆ سۆرانیەک و بادینیەک گۆرانی تورکی و عەرەبی زۆر بە تامترە لە هەورامی، یان هەندێ هەوارمی بەهۆی نیزیکی زمانی هەورامی لە زمانی فارسیەوە، چێژ لە گۆرانی فارسی دەبینن. هەریەکە لە دەسەلاتدارانی ئەو زمانە کوردیانەش لە کوردیدا، دەیانەوێت زمانەکەی خۆیان بسەپێنن بە سەر ئەوی تردا بە بێ بنەمایەکی زانستی (Giddens, sid 359, 2001).

ئەوەی ئاماژەم پێ دا، دلۆپێکی بچوکە لەو ڕاستیەی کە زۆربەمان خۆمانی لێ نادەین و کاریشی بۆ ناکەین. ئەی چی بکەین باشە؟ وەکو باسمکرد، کاری دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد، پرۆسەیەکی سەختە و بێ هەڵدیر نیە، سەرەڕای هەڕەشەی داگیرکەرانی ئاینی و سیاسی کورد، لە عەرەب، فارس و تورک.

دەسەلاتدارانی باشووری کوردستان (بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی) ئەرکێکی مێژوییان لە بەردەمدایە بۆ لە دایکهێنانی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی، کە جێگەی هەستی هەموو کوردێک بێت لە باکورە وە تا باشوور و ڕۆژهەلات تا ڕۆژئاوا. لێ ئەگەر بنەماڵەی بەرزانی تەنها بارزانی وەکو هێمای بەرزانی

بزانن و سۆرانی تاڵەبانی وەکو سیمبۆلی سۆرانی بزانن، یان هەورامیەکان سانی هەورامی بە سەرۆک هەورامیەکان بزانن، ئەوا بێگومان ئەو نەتەوە کوردانە وەکو نەتەوەی جیا هان دەدرێن و جیا بوونەوە دەبێتە ڕاستی، ئەوسا پێمان دەوترێ نەتەوە کوردەکان .

**چارەسەر**

ڕاستە بارزانی هێمایەکی پیرۆزی بنەماڵەی بارزانیە و نابێت لە بیر بکرێت، بەڵام ئەگەر زیاتر لە پێویست بێت بە سەر کێشە چارەنووسازەکانی گەلی کوردا بە گشتی سەپێنرا و بێ هۆکار ناوی لە هەموشوێنک بهێنرێت و لە ناسنامەی نەتەوایەتی پتر گرنگی پێ بدرێت و وەکو ئەتاتورکی تورکەکان بپەرسترێت ، دەبێتە هۆی دووبەرەکی نانەوە و بەربەست بەرامبەر ناسنامەی نەتەوایەتی و هوشیاری بنەماڵەی بارازنی بە دۆزی کورد. هەمان شت سۆرانی، ئەگەر سبەی مام جەلال ببێتە هێمایەکی ناوچەی سۆران، ئەوا دیسان بەشێکی تری گەلی کورد ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی لە دەست دەدات و سنوورێکی نەتەوایەتی سۆران لە ناو کوردستاندا دروست دەبێت. هەروەها ماچۆ زمانەکانیش جیا دەبنەوە، چونکە ئەو دوو بنەماڵە دەسەڵاتدارە(بارزانی و تاڵەبانی) خۆیان جیاکردووەتەوە و خەڵکانی تر بە کورد دانانێن، فەیلی و لوڕیەکانیش ئەو هەنگاوە دەنێن و یەکەیەکی تایبەتی بۆ خۆیان دروست دەکەن.

کەواتە دیسان، لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا کە دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە دەست بنەماڵەی(بارزانی و تاڵەبانی)ەوە ، دەبێت هەوڵێکی دڵسۆزانە بدەن بۆ بایەخ دان بە نزیککردنەوە و ئاشنا بوونی بەشەگرنگەکانی کوردی(نەتەوە کوردیە دواڕۆژەکان) بە یەکتر و یەکسان بن لە دابەشکردنی ئەو

دەسەڵاتە و سامانەی کوردستان، چ لەڕوی زمانەوە و ئابوری و سیاسیشەوە.

---

سەرچاوەکان

Giddens A(2002) .*Sociolog.* Lund: studentlitteratur

# بەشی 9

## ونبوونی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی
## لە نێوان دوو دەسەڵاتی تاکڕەودا

2007-4-4 سوێد
assobyari@yahoo.com
لە دیدگای دەروونناسی کۆمەڵایەتیەوە/باسی زانستی

بۆ نەتەوەیەکی وەکو نەتەوەی کورد، کە بەشە گرنگەکانی لە کۆمەڵیک نەتەوەی جیاواز دەچن، بە کۆمەڵێک زمانی جیاواز دەدوێن، نەک زمانی نەتەوەیەک لە یەکەیەکی هاوبەشدا، ناسنامەی نەتەوایەتی دەخاتە مەترسی پەرەوازە بوون و لە دایک بوونی کۆمەڵێک زمان کە هەمان سەرچاوەیان هەیە و دەیانکاتە کۆمەڵێک گەلی سەربەخۆ کە هەریەکە خاوەنی قەوارەی خۆی هەبێت. بۆ ئێمەی کورد، کە لە دۆخێکی بندەستیدا دەژین و لاوازین، کارێکی گرنگ و هەنووکەییە، کە پردێکی دیالۆگ بۆ گرێدانی ئەو پێکهاتانەی زمانی(نەتەوەکانی کورد) کوردی، لە یەکتر نیزیک ببنەوە، دروست بکرێت و ناسنامەیەکی نەتەوایەتی کە بە لە دایکبوونی زمانێکی یەکگرتوو و سەرتاسەری، کۆتایی بە ونبوونی ئەو ناسنامەیە بهێنێت، کە ئەمڕۆ دووچاری هەڕەشە و نەمان بووەتەوە. ئەم هەنگاوە، ناسنامەی نەتەوایەتی، لە ڕێگەی لە دایکبوونی زمانێکی کوردی یەکگرتوو، لە جیهانی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا ئاسنترە ، چونکە پێوەندیەکان بە هۆی لە دایک بوونی ئینتەرنیتەوە چڕبوون و خاڵەکانی بەیەک گەیشتن و دیالۆگ لە پرۆسەی گلوباڵدا ئاسانتربوون.

هاندەری سەربەخۆ (independent variable) یا هاندەری جیابوونەی پێکهاتەکانی (نەتەوەکانی کورد) زمانی کوردی لە یەکتر، لە تۆی دوو سەرچاوەوەی هاندەری نەگەتیڤ سەریان هەڵداوە و کاریگەری دەکەنە سەر زمانی کوردی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد:

هاندەری سەربەخۆی دەرکی ، هۆکاری هاندەری دەرکی کە داگیرکەرانی کوردستانن و ئاستەنگی دەخەنە بەرگەلی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. داگیرکەرانی کوردستان، عەرەب، ئیسلام، فارس و تورک بە هەموو شێوەیەک دەخوازن ناوی کورد و کوردستان بسڕنەوە ، لە وانە بە گرێدانی ئاینی(ئیسلام)، گرێدانی ئابوری، موسیک و فەرهەنگی و سەپاندنی زمان و نۆرم و پێوەری نەتەوایەتی خۆیان بەسەر نەتەوەی کوردا بسەپێنن. هەروەها بە بەکارهێنانی شێوازی توندوتیژی سوپایی، بۆ نموونە پرۆسەی ئەنفال ساڵی 1988 وقەدەغەکردنی زمانی کوردی لە کوردی باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان.

هاندەری سەربەخۆی (independent variable) ناوخۆیی، کە گۆڕاوێکی بزوێنەر وگرنگە، کە خۆی لە سیاسەتی دەسەڵاتی(دوو دەسەڵاتی باشووری کوردستاندا) خۆماڵیدا دەبینێتەوە کاریگەری تەواوی هەیە لە ئاستی کۆمەڵگە و تاک ( ئاستی ماکرۆ و میکرۆ). لە سەر ئاستی میکرۆ واتە تاک، ئەو دەسەڵاتە هەردەم هەوڵ دەدات کە هوشیاری تاک، بۆ مانەوەی دەسەڵات، لە نێو بازنەی پارتایەتی و ناوچەگەریدا تێ پەڕ نەکات و تاک دەستەمۆ بکات و لە هەموو شێوەیەکی هاوسۆزی لە گەڵ تاکی پێکهاتە جیاوازەکانی تردا داماڵێت و لە ناوبردنی خاڵی هاوبەش لە ناویاندا. لە سەر ئاستی کۆمەڵگە(ماکرۆ)، بەکارهێنانی ئەو کۆمەڵگەیە وەکو پێگەیەکی بە هێزی بنەماڵە، ناوچەگەری و پارتایەتی، کە تەنها ووزەکانی بۆ ئەو پارتیە بەکاربەرێت و ببێتە یەکەیەکی جیاواز لە گەل پێکهاتە کانی

تری گەلی کوردا. ئەم دوو ئاستە، قازانجێکی ڕاستەو خۆیان دەبێت بۆ ئەو دەسەڵاتە کە سالارە لەو ناوچەیەدا، کە مانەوەی خۆی پێش بەرژەوەندی گشتی نەتەوایەتی دەبینێت. ئەم بارە نالەبارەش ئەمڕۆ لە کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی هەردوو زلهێزەکەوە ڕۆژ بەڕۆژ بایەخی پێ دەدرێت. نموونە بەرجەستە و زیندوو زۆرن، لەوانە، بایەخدانی ئەو دوو دەسەلاتە، هەریەکەیان بەو بەشە(زمانە) کوردیەی کە ئاخافتنی پێ دەکرێت و پشت گوێ خستنی ئەوی تر، لە بادینان بادینی زاڵە و لە سۆران سۆرانی و لە باکوری کوردستانیش کرمانجی، هەرچەند پێکهاتەی کوردی زمانی تریش وەکو ماچۆ، زازایی، لوڕی..هتد هەیە.

ئەم هاندەرە سەربەخۆ ناوخۆیە، شان بەشانی گۆڕاوە دەرکیەکە(داگیرکەر) کاردەکاتە سەر گۆڕاوی وابەستە (dependent variable) کە لە نزمی ئاستی هوشیاری تاکەکان و کۆمەڵگەی کوردی، لە هەژاری ئابوریدا دیارە، بەدرێژایی مێژوو، زمانی کوردی و پێکهاتەکانی لاواز دەکات و لەیەکتر دەیان ترازێنێت.

ئامێری ئەو دوو هاندەرە سەربەخۆیە (independent variable)، بە شێوەکی لە یەکچووو و بەرنامە بۆ پەرەوازە کردن و لاوازکردنی زمانی کوردی کاردەکەن. هاندەری سەربەخۆ (independent variable) ناوخۆییەکە، لە ئەنجامی خۆ پەرستی ، تاکەڕەوی، نەزانی و پاشکەوتنی ئەو دەسەڵاتە ناوخۆیەدا یە، کەوا نکولّی لە پێکهاتەکانی تری کوردی دەکات. کارنامەی هاندەرە سەربەخۆ زاڵەکە، (independent variable) ناوخۆیەکە لە گەندەڵی، برسی کردنی خەڵکی ئەو ناوچەیە کە ئەو لایەنەی تیایدا بە دەسەڵاتە، کاری لە سەر دەکرێت و جوگرافیایی پێکهاتەکانی(نەتەوە کوردیەکان) تری زمانی کوردی لە ڕوە هەمەلایەنەکانەوە پشت گوێ دەخات. بۆ نموونە( پدک) لە

بەر ئەوەی بادینی زمانی بنەماڵەیە و سەردەستە زۆربەی داهاتی ئابوری بۆ شارە بادینی زمانەکان بە کارهێناوە، لێرەدا بەراوردی شاری دهۆک و هەڵەبجە ناکرێت. دهۆک بە هەمووشێوەیەک پرۆژەی تیادا دەکرێتەوە، هەڵەبجە و هەورامانیش هێچ گۆڕانکارێکی بەسەرد نەهاتووە. هەمان سیناریۆ، دەسەڵاتی سۆرانی کە لە( ینک)دا خۆی دەدۆزێتەوە، هەمان ڕەفتاری پدک لە ناوچەی هەورامان و شوێنەکانی تر کە سۆرانی زمان نین یان دەسەڵاتی یەکێتی لاوازە، دووبارە دەکاتەوە.

کەواتە هەردوو دەسەڵاتی کوردی(پدک و ینک) لە سەر زەوی، پشتیوانی لە دایک بوونی دوو نەتەوەی کوردی جیا دەکەن، نەتەوەی بادینی و نەتەوەی سۆرانی کە بە ڕەچەڵەک کوردن. هێندەش لە زمانی ئاخاوتنیاندا سوود لە زمانی داگیرکەرانی کوردستان وەردەگرن، لە یەکتر ووشەی کوردی فێرنابن. ئەوەش گەورەترین خاڵی لاوازی هەردوو لایە، کە جێگەی خۆشی دوژمنانی نەتەوەیی کوردە.

لەلایەکی ترەوە هاندەرەدەرەکیەکە(داگیرکەر) بەرنامەڕێزی تەواوی هەیە بۆ توانەوەی زمانی کوردی و نامۆکردنی ئەو پارچەیەی داگیرکردووە. شیوازی جۆراو جۆر بە کاردەهێنێت، لەوانە هەمان شەڕی برسیکردن و تۆقاندن، هەروەها بەکارهێنانی هێزی سوپایی، بۆ نموونە پرۆسەی تەعریب کردنی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە باکور و سەپاندی زمانی فارسی لە ڕۆژهەڵات. لە ڕوی فەرهەنگیشەوە گەورەترین بودجەی تەرخانکردووە بۆ سڕینەوەی زمانی کوردی و بەکارهێنای زمانی خۆی لە لایەن دانیشتوانی کوردیەوە. کەناڵە ئاسمانیەکانی تورک، فارس و عەرەب و شەپۆلی بەهیزکردنی گیانی ئاینی

چەکێکی کوشندەیە، کە تەنگی بە بەکارهێنانی واژەو چەمکی کوردی لە زمانی کوردی هەڵچنیوە.

بۆچەڵکردنەوەی کاریگەری هاندەری سەربەخۆ(independent variable) لە ڕیگەی دارشتنی بەرنامەیەک، کە ناسنامەی نەتەوایەتی بە ئاشناکردنی ئەو شێوازە زمانانەی کوردی بە یەکتر کە ئەمڕۆ زۆر دوورن لە یەکتر و تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەو کارە. هەروەها هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە گیانی تاکڕەویی و یەکپارتی لە بە شەکانی کوردستاندا و دروستکردنی زەمینەیەک بۆ زمانێک کە هەموو تاکێکی کورد لێی تێبگات کە بکرێتە زمانی یەکگرتوو، کە جێگەی هەست و پردی دیالۆگ و پیوەندی بێت، کاریکی بە پەلەیە کە دەبێت بکرێت.

کەواتە کارکردن بۆ پەراوەزە نە بوونی زمانی کورد، نە بوونی کورد بە چەند نەتەوەیەکی جیا، بە وازهێنانی (پدک ینک) بادینی و سۆرانیە، لە ڕەوتی تاکڕەوی و بە کەم نە زانینی پێکهاتەکانی تری زمانی کوردیە. هەروەها تەرخانکردنی هێز و ووزەی ئەو پارتییانە بۆ نوێکردنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردیە، لە ڕێگەی دۆزینەوەی چارەسەرێکی زانستی بۆ ئاشنا بوونی ئەو (زمانە کوردیانە) پێکهاتەکانی زمانی کوردی بە یەکتر.

# بەشی 10

## زمان و ناسنامە دوو فاکتەری جیاوازن بۆ نەتەوە

## تکایە تێکەڵیان مەکەن!

### وونبوونی ناسنامەی کوردی لە توێشەی بنەماڵەدا

**سوێد** 2007-9-17

بۆ هەموو ئەوانەی کە لە هەورامی بوون، فەیلی بوون، کرمانجی بوون و بەشەکانی تری کوردی تۆقیون کە هەر یەکێکیان ببێتە زمانێکێ سەربە خۆ و نەتەوەیەکی دی لە داهاتوودا. هوشیاری نەتەوایەتی لای کەسێک زۆر گرنگترە لەوەی بە کام زاراوە یان زمان قسەکات. وولاتی هند کە لەیەک ملیارد زیاترە، خاوەنی 415 زمانە، بەلام لە باکورەوە بۆ باشووری هەموو خۆیان بە هاونیشتمانی هندی دەزانن. لێرەدا زمانی ئینگلیزی وەکو فاکتەرێکی یەکگرتنەوە و پردی بەستنەوە، بەهۆی ئالوگۆڕە ئابوریەکان بە کاردەهێنن، لە پاڵ خوێندنی 23 زمانی فەرمی لە کەرت و ناوچە جیاجیا کانی. بەلام کورد ناتوانیت عەرەبی، فارسی یان تورکی بەکاربهێنێت، چونکە ئەوانە نەتەوەی سەردەستن و کوردستانیان داگیرکردووە. واتە بەکارهێنانی ئەو سێ زمانە چارەسەرێکی نەزۆکە.

ئەو کەس و قەڵەمانەی لە پاڵ بیانوی هەمەچەشنەدا کە دەخوازن دیکتاتۆرێکی زمان، شێوە ئەتاتورکێ لە کوردستان دروست بکەن، زۆر لە ڕاستیوە دورن، وپرۆسەی ناسنامەی نەتەوایەتی و زمانی یەکگرتوو تێکەڵ دەکەن و لە پلاندان بۆ کەرتکردنی کورد بۆ چەند نەتەوەی جیا. راستە زمان فاکتەرێکی

گرنگی نەتەوەیە، بەڵام ئەوە ناسنامەی نەتەوایەتیە، کە هەستی یەکبوونی نەتەوایەتی دەبەخشێت بە هاونیشتمانی نەتەوەیەک نەک زمان.

ئەگەر ناسنامەی نەتەوایەتی لە سەر بنەمای زمان بوایە، دەبوو بۆ نموونە ئەمریکا لاتین کە بە ئیسپانی دەئاخەفن، هەموویان خۆیان بە ئیسپانی بزانیایە، بەڵام بە پێچەوانەوە، چەندەها وڵات و نەتەوەیان پێکهێناوە و سەربەخۆشن. نزیکترین نموونە سویسرا و بە لجیک کە هەردووکیان بە چەند زمانی جیا جیا قسە دەکەن. یان ئەو کوردانە کە عەرەبی، فارسی و تورکی دەزانن و زمانی کورد نازانن، دەبێت خۆیان بە کورد دانەنێن! ئێمە نموونە فەیلی دەهێنینەوە، کە هەندێکیا ن تەنها عەرەبی و فارسی دەزانن، بەڵام هەستی نەتەوایەتیان زۆر بەهێزە و ناسنامەیان کوردە. لێرە هەستی پێوەست بوون و ناسنامەی نەتەوایەتی زۆر گرنگە. هەمان شت لە ئەورپا، هەندێ منداڵی ڕەوەندی کورد، هەرچەندە زمانی کورد نازانن، بەڵا م ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان وەکو کوردێکی ئەورووپی دەناسێنن. کەواتە دیسان بیرۆکەی زما ن ئەو گرنگیەی نیە کە ئێمە بێن و هەورامی یان کرمانجی قەدەغە بکەین. لایەکی کوردەکانی باکور، زمانی کوردی نازانن، بەڵام خۆیان بە بەشێکی گرنگی نەتەوەی کورد دادەنێن. هەمان شت بەشێک لە عەرەبەکانی جەزایر کە بە فەرەنسی دەئاخفن و خۆشیان بە بەشێکی ئومەی عەرەب دەزانن. هەمان وێنە بۆسنەیەکان کە زمانەکەیان سەربوکرواتیە و جیاوازیان زۆر کەمە، بەڵام خۆیان لەگەڵ سەربەکان بە نەتەوەیەکی جیا دەزانن. بەڵام زۆربەی ئەو کوردە قەڵەم بەدەستانە کە دەیانەوێت سۆرانی بکەن بە زمانی ستاندارت، لە موسڵمانێکی شۆڤێنستی عەرەب، عەرەب ترن و شانازی بەعێراق بوونی خۆشیانەوە دەکەن، کە بەشێکە لە ئومەی عەرەبی داگیرکەر. کەواتە کێشەی بووژاندنەوەی ناسنامەی کوردی زۆر

گرنگترە لە کێشەی زمان، بەتایبەتی لە باشووری کوردستان. بۆیە هەرکاتێک کوردێکی باشوور ووتی من کوردم و عێراقی نیم، ئەوسا دەتوانرێت بووترێ کە ئێمە سەرکەوتووین کە دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی.

کارەساتی نەبوونی ناسنامەی نەتەوایەتی لەوێوە دەست پێ دەکات، کە سەرۆکێکی کورد وەکو تاڵەبانی و بارزانی، شانازی بەعێراقی بوونی خۆیانەوە دەکەن و نازانن ئەو بۆچونە چەند زیانبەخشە بۆ داهاتووی نەوەکانی باشووری کوردستان. هەمان شت مەلا و ئاینپەرەوەرەکان، کاتێک خۆیان بە موسڵمان دەزانن پێش ئەوەی کوردبن. لێ مەلایەک یان سەرکردەی ئەو نەتەوانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، بە هیچ شێوەیەک، ناسنامەی خۆیان ناکەن قوربانی نەتەوەیەکی تر. بە داخەوە ئەو دیاردەیە، خۆ بەعێراقی زانین، خۆ بە ئێرانی زانین و تورک زانین لە ناو گەلی کورد زۆر بەهێزە.

**ئەنجامگیری**

کێشەی سەرەکی ئەمڕۆ کورد کێشەی ناسنامەی نەتەوایەتیە، نەک زمان. کە کورد هەستی کرد کە یەکەیەکی پێوەست و یەککگرتووە، ئەوسا زمانی یەککگرتووش ئاسان دەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر ئێمەش زمانی ئینگلیزی بکەینە زمانی بەستنەوە و عەرەبی، فارسی و تورکی وەلانێنن، پێم وایە نزیک بوونەوەمان لە یەکتر ئاسان دەبێت. ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین کاریگەری ئەو سێ زمانە لە سەر نەوەکانمان نەهێڵن تاکو بتوانین باسی زمانی یەکگرتوو بکەین. عەرەب وەکو نەتەوەیەکی داگیرکەر بەوپەڕی جۆشەوە ئیسلام بۆ تەعریبکردنی کورد بە کاردەهێنێت، هەرەوەها فارس و تۆرانیەکانی تورکیا، چونکە بۆ ئەوان کورد لە بازنەی تەعرینی ئیسلام دەرنەچێت قازانجترە.

نەک ئینگلیزی کە زمانێکی زانستیە و نەوەکانی کورد سوودی لێ وەردەگرن. لێرە دیسان ئەرکی هەموومانە کە پەرە بەبەشەکانی زمانی کوردی بدەین و پرۆژەیەکی خوێندن دابرێژن لە سەر بنچینەیەک، کە کورد وەکو نەتەوەیکی یەک ناسنامە کوبکاتەو. هەروەها زۆر گرنگە، کە ئەوانەی کەناسنامەو زمانی کوردیان لا گرنگە بێن، با بەدیالۆگێکی زاستی بۆچونەکانی خۆیان بخەنە بەردەم، نەک هەوڵدان بۆ تێکدان و شکاندنی بڕبڕەی یەکبوونی نەتەوەییمان. بۆ؟ چونکە ئەگەر ڕێزی کەسایەتی ناسنامەی زاراوەیی بەشێکی کورد نەگیرێت، بۆ نموونە ئەگەر هەورامی لە بیربکرێت، دوورنیە هەورامیەکان لە داهاتوویێکی نیزیکدا چی دی خۆیان بە کورد بزانن، هەمان دۆخیش بۆ کرمانجێک و فەیلییەک. بۆیە ئەو بۆچونە زانستیە، پێویستە بۆ گردکردنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی. لە هەمووی گرنگتر، پێویستە تاکی کورد ناسنامەی خۆی تێکەڵ بەو وولاتانە نەکات کە کوردستانیان داگیرکردووە.

لە ولاتی هند، بۆیە زمانی ئینگلیزی بە کار دەهێنرێت، چونکە: ئینگلیزی زمانێک جیهانی و گلۆباڵە کە ئەمڕۆ پیوەندی زۆری لە سەر ئاستی جیهان پێ دەکرێت ، بۆ نموونە پێوەندی ئابوری نێوان نەتەوەکان . بۆ خوێندکارێکی هندی فێربوونی ئینگلیزی زۆر سوودمەندە لەوەی کە بەزمانێکەوە خۆی خەریک بکات کە لۆکاڵە، بۆ نموونە سینی یان یابانی. هەمان دۆخ بۆ خوێندکارێکی کورد، لە باتی کات بە فێردان بۆ فێربوونی عەرەبی، ئینگلیزی زۆر سوودمەنترە، چونکە لە دنیای زانستی بە ئاسانی ئاشنای دەکات. هۆکارێکی تر کەزۆر گرنگە بۆ نزیکردنەوەی پێکهاتەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە دەبێت هەوڵ بدرێت کە ڕێنوسێکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان بدۆزرێتەوە کەهەموو هاوڵاتێکی کورد بتوانێت بەکاری بهێنێت. گرنگی ئەو رێنووسە لەوەدایە کە بەستنەوەیک لەلای هەموو بەشەکان و زارەوەکان دروست دەکات و فێربوونیان ئاسان تر

دەبێت. لە ئێستای زمانی کوردیدا، کە لە باکور بە پەیتی لاتینی دەنووسرێت و لە باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە بەپیتی عەرەبی دەنووسرێت، ئەو بەستەرە لۆژیکیە و دەروونیە لە نێوان پێکهاتەکانی زمانی کوردیدا دەبرێت.

# بەشی 11

## گریمانە پۆزەتیڤەکانی زیندوو ڕاگرتنی پێکهاتەکانی زمانی کوردی

دیمانەی سۆسیۆسایکلۆژ ی

2008 /4/13 سوێد

http://www.assobyari.coo.ir

بۆ دەبێت وانەیەکی هەورامی لە پاڵ سۆرانیدا لە هەوراماندا بخوێنریت ؟

زمان کاریگەری تەواوی هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە گیانلەبەرێکی ڕوتی بێهسەت و نەزانەوە ببێتە ئەندامێکی هوشیار و کارامە و ئەکتیڤی کۆمەڵگە کە هەست بە بوونی خۆی وەکو مرۆڤێک بکات، کۆنستروکتوالیزم، Stevens ، 1988). لەبەر ئەوەی دانیشتوانی دەڤەری هەورامان بە هەورامی (زمانی ئاویستا) دەدوێن، بە هەورامی کۆمنیکاسیۆن و پێوەندی دەکەن، بیر بە هەورامی دەکەنەوە، چەمکە باوەکانیان هەورامین، هێماکانیان هەورامین، نۆرم و پێوەرەکانیان هەورامین، کەواتە سەرچاوەی بێداریا ن بە هەورامی ئاو دەردرێت و تاکی هەوراما ن لە پێکهاتەکانی دی کوردی تایبەتمەندی ناوچەیی بەخۆە دەگرێت کە جیاوازە لە گەڵ سۆرانێک یان کرمانجێک. ناوچەی هەورامان و دانیشتوانەکەی خاوەن کۆمەڵێک کۆد و کلیلی زمانەوانین کە ئەستەمە بۆ هەورامی نەزانێک لێی تێبگات. ئەو کاتیگۆری و بۆچونە بەسەر پێکهاتە و دەڤەرەکانی دی کوردستانێشدا بەگشتی دەکرێت و هەموو ناوچەیەک و پێکهاتەیەکی کوردستا ن تایبەتمەندی خۆی هەیە.

گرنگی ئەم گریمانەیە ( بۆ دەبێت وانەیەکی هەورامی لە پاڵ سۆرانیدا لە هەوراماندا بخوێنریت؟) لێرەوە دەست پێ دەکات: ئایا ئەگەر هاتوو زاراوەیەک یان زمانێکی بێگانە بەبێ

پاڵپشتی بوونی هەورامی لە دەڤەری هەورامان بەسەر دانیشتوی ئەو دەڤەرەدا سەپێندرا، چ ئەنجامگەلێکی پۆزەتیڤ یان نەگەتیڤی سۆسیۆسایکۆژی بەجێ دەهێڵێت؟ یان هەر بەشێکی دی کوردستان؟

ئەو گریمانەیەی سەرەوە پێویستی بەڕاڤەیەکی زانستی و دوور لە زاڵبوونی گیانی ناوچەگەری هەیە، ئەگەر بمانەوێت لە داهاتوودا زمانێکی ستاندارد و ناسنامەیەکی نەتەوەیەکی یەکگرتوو دروست بکرێت. دەبێت ڕێگای دیالۆگ و لەیەک تێگەیشتن بگرینە بەر، نەک تاوانبارکردنی یەکتر و پەراوێزکردن. چونکە پێکهاتەکانی زمانی کوردی بەبێ جیاوازی، فرە فاکتەرێکن بۆ داهاتووی زمانی ستانداردی کوردی.

بۆ ئاسانبوونی فێربوونی سۆرانی، ئاشنابوون بە سیمبۆلەکانی ، بە تایبەتی بۆ خۆیندکاران دانیشتوانی دەڤەری هەورامان پێویستە وانەیەکی هەورامی بخوێنن، هێچ نەبێت تا قۆناغی سێ ناوەندی، بۆ؟ چونکە ئەو خۆیندکارەی کە لە دەڤەری هەورامان گەورە دەبێت، پێش ئەوەی بە زاراوەی سۆرانی و کلیلەکانی ئاشنابێت، گەورەبووی کۆنتێکست و ژینگەی هەورامانە و ڕێشەکێش کردن و فەرامۆشکردنی زمانی ئاخەفکردنی هەورامی کاردانەوەیەکی دەروونی و سۆسیۆی نەگەتیڤی لا دروست دەکات، کە دەبێتە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی لە خۆێندن. چونکە وەکو لە سەرەتا باسم کرد، هەموو ناوچەو کۆمەڵگەیەک خاوەن تایبەتیمەندی سۆسیۆسایکلۆژی خۆیەتی. هەمان کاردانەوەش تووشی سۆرانێک دەبێت ئەگەر زمانێکی بێگانە یان زاراوەیەکی تری کوردی بەسەریدا بسەپێت. با کاریگەری پێوەرە کۆمەڵایەتی و پۆلەتیکایەکانیش بوەستن، کە دیاردەی ناهەمواری ڕۆژانە دەخوڵقێنن.

کەواتە بوونی وانەیەکی هەورامی لە پاڵ خوێندنی سۆرانیدا، بەشێوەیەکی کاتیش بێت پێویستە بۆ خوێندکارە

هەورامیەکان. لێرەدا، فێربوونی سۆرانی و زیندووڕاگرتنی هەورامی لە یەک پاکەتی خوێندندا دوو ئامانجێکی پێرۆز لەیەکێکدا دەپێکێت:

1. دروستبوونی لینکێکی پتەوی سۆسیۆسایکۆلۆژی نێوان خوێندکارانی هەورامان و سۆران و گەنجینەی ناسنامەی هەورامی تێک ناشکێت، بەڵکو وەکو کوردێک بەهێزدەبێت و هەورامیەکان پتر خۆیان بەبەشێکی گرنگی نەتەوەی کورد دەزانن.
2. کردنەوەی دەراوزەیەکی ئاشتی سۆسیۆسایکۆژی وەکو پێکهاتەیەکی یەک لە نێوان ئەو دەڤەرەدا دروست دەبێت کە ئەوەش گرنگە بۆ سەرەتای پابەندبوونی ناسنامەی نەتەوایەتی لەسەر تاسەری باشووری کوردستان.
3. ئاشنابوونی هەورامی و سۆرانی بە کلتورو نۆرمەکانی یەکتر و سلێنەکردنەوە، فەرهەنگەکانیشیان لەیەکتر نزیک دەکاتەوە، کە داگیرکەرانی کوردستان بە تایبەتی عەرەب و عەجەم بەو پەڕی هێزەوە هەوڵ دەدەن پێکهاتەکانی زمانی کورد لە یەکتر بکەنە دژ.

**ئەنۆمالی خود**

زیانەکانی ئەنۆمالی خود، لە کاتی ڕوبەڕوبوونەوەی زاراوەیک یان سەپاندنی زمانێکی بێگانە بەسەر مرۆڤدا:
ئەنۆمالی خود ئەوە دەگەێنێت کە مرۆڤ خودەکەی خۆی لێ وونە و توانای خۆ دۆزینەوەی نیە. ئەم چەمکە لە ناو ئەو کەسانەدا دروست دەبێت کە لە نێوان دوو کلتور و زماندا گیریان خواردووە و ناتوانن کە سایەتی خۆیان یەکلابکەنەوە، (Stevens ، 1988). بۆ نموونە هەندێ لەو منداڵانەی کە لە ئەوروپا لە دایک دەبن و باوک و دایکیان ڕیشەی نەتەوەیەک یان وڵاتێکی تریان هەیە هەڵگری ئەو بارە ئەنۆمالیەن. نموونەیەکی تر، منداڵانی ڕەوندی

کورد، کە نازانن کوردن یان ئەوروپین. ئەنۆمالی لەناو یەک نەتەوەشدا دروست دەبێت کە چەند کلتوور و زمانێکی جیاوازی تیا هەیە، بۆ نموونە ولاتی سویسرا. Dorin Kondo کە بەڕەچەڵک یابانیە بەلام هاولاتی ئەمریکیە بەتەواوی ڕوناکی دەخاتە سەر ئەو کێشانەی کە ئەنۆمالی دروستی دەکات و تاقیکردنەوەیەکی کێڵگەیی لە سەر خۆی کردووە کە چۆن لە نیوان دوور زمان و کلتوورد گیری خواردووە، بەلام زمانێکی پاراوی یابانی چەند یارمەتی داوە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا.

## ئەنجامگیری دوایی

کەواتە ئەگەر هەورامیەکان، یان بادینەیەکان و پێکهاتە کوردیەکانی تر، زاراوەکەی خۆیان لەپاڵ ئەو زاراوەدا بخوێنن کە وەکو زمانی نووسینە بۆ نموونە سۆرانی، تووشی کێشەی دەروونی ئەنۆمالی زمان و کلتوور نابن و دەبنە خاوەن کەسایەتێکی پتەو و ژیانی ڕۆژانەیان بە سانایی دەگوزەرێنن. بەلام ئەگەر بە پێچەوانەوە سۆرانی پسەپێنرێت و گوێ بە ئامادەیی سۆسیۆسایکۆلۆژی خوێندکارانی هەورامان نەدرێت، ئەوا گەورەترین زیانی دەروونی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی..هتد، بە دەڤەری هەورامان دەگات و پەراویزکاری و گۆشەگیری لە نێوان هەردوو پێکهاتەی ناوبراودا دروست دەبێت، کە کاریش دەکات سەر ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی، بۆ؟ چونکە لە جیهانی گلوبالدا گروپ و نەتەوەکان زیاترهەست بەبوونی خۆیان دەکەن و بەدوای ئەو سنوورانەدا دەگەڕێن کە لە خەڵکانی تر جیایان یان نزیکیان دەکاتەوە.

---

سەرچاوە: تێگەیشتن لە مرۆڤەکان. ستیڤ، ر

Stevens, R ( 1998). *Att förstå människor*. Lund: Studentlitteratur.

# بەشی 12
# زمان ئامرازی گەیاندنی فەرهەنگە و گرێدەری ئیتنیکی و نەتەوەیی تاکەکانە

دیمانەی سیۆسایکۆلۆژی

2208-4-20 سوێد

زمان یەکێکە لە فرە ئامرازی بنچینەیی گەیاندنی کەلتور لە نیوان نەوەکاندا. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵگەیە، بۆیە هەمیشە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو سۆسیۆژینگەیی تیایدا دەژی. جەمسەرەکانی ژیانی مرۆڤ گرێدراوی ئەو نۆرم و پیۆرانەیە کە لەو کلتورەدا هەیە. ئامرازگەلی زمان دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و کۆڵەکەی پەروەردەکردنی منداڵ بۆ هاوکەیەکردن و ئینتیگراسیۆن بۆ ئاشانبوونی ئەو کەلتوورەی تیایدا دەژی،( Stevens 2007) . کەواتە زمانێکی پڕپاراو، خودێکی پتەو دەبەخێشت بەو زارۆکانەی کە خاوەن ئاخفتنێکی ساقن. هاوکەیە کردن لە گەڵ مرۆڤەکانی تردا بەهۆی زمانەوە، ئەو گیانە هاوبەشە دەداتە مرۆڤ کە خۆی بە گروپێکەوە یان سەربە ئێتنیکێکی دیاری کراو بزانێت. ئەزمونی وڵاتی سوێد لە داهێنان و خوێندنی زمانی دایک لە کن زمانی سوێدیدا بۆ فرەفێربوونی زمانی سوێدی و ئینتیگراسیۆن(خۆگونجدان)، بەباشترین هەنگاو دادەنرێت کە خانەی پەروەردەی سوێدی هەڵیناوە.

دروستکردنی کەلتورێکی هاوبەش لە نێوان پێهکاتەکانی زمانی کوردیدا سەرەتایەکی پێویستە کە دەبێت هەنگاوی دڵسۆزانەی بۆ بنرێت، بۆ ئەوەی بەشەکانی نەتەوەی کورد و زمانەکەی لە سەکۆیەکی یەکگرتوودا، بەتایبەتی لەلایەنی

هاوبەشی زمانەوە، کۆبکرێنەوە. کەواتە هێچ کارێکی هەڵە نیە کە خشتەیەکی زانستی بۆ دانانی کەڵتورێکی هاوبەش پێکهاتەکانی زمانی کوردی زیندو ڕاگیرێن و جیاوازی و کەلێنەکان کەمبکرێنەوە. ئەوسا لای هەورامێیک هەمان چێژ لە مۆزیکی کرمانجی یان سۆرانی وەردەگرێت و بە پێچەوانەشەوە. هەمان هەست بۆ سۆرانیەکان و کرمانجەکان دەڕوێت، کە ئیمڕۆ سەنگەری دووره پەرێزیان وەرگرتووه و تام لە زمان و کەلتوری داگیرکەرانی کوردستان پتر دەبینن تاکو کوردی. ئەوە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کەچ ڕۆشنبیران یان سەردارانی کورد هەوڵیان نەداوە کە ئەو گیانی هاوبەشیە لە لای تاکی کوردی لە ڕوی فەرهەنگی و زمانەوانیە دروست بکەن، زۆرجار خۆیان لە ژێر ڕکیف و کاریگەری داگیرکەرانی کوردستان بینیوەتەوە.

چڕکردنەوە و بەستنەوەی پردەکانی دیالۆگ لە نێوان پێکهاتەکانی زمانی کوردیدا، لەپاڵ هەڵبژاردنی دیالکتێک بە کۆکبوون و کردنی بەزمانی هاوبەش گەنجینەیەک دەداتە پێکهاتەکانی نەتەوەی کورد. ئەمە لە کاتێکدا دروست دەبێت کە ئەو تۆڕ کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانە دروست دەبن و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەو هەستەیان هەرەوەزیەیان لای دروست دەبێت و پێکەوە گرێ دەدرێن.

دروستکردنی کەسایەتێکی نوێی کوردی، کە ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بێت، کە تاکێکی هەورامی هەمان هەستی نەتەوایەتی وەکو کرمانجێک یان سۆرانێک هەبێت گرنگە بۆ ئەوەی ئەو فەرهەنگە هاوبەشە نەتەوایەتیە چرۆ بکات. لێرەدا دیسان زمانێک کە هەموو تاکەکان لێی تێبگەن بەردی بنەغەی ئەو گیانە هاوبەشەیە کە ووزە دەبەخشیتە ئەو کەسایەتیەی کە باسی لێوە دەکرێت.

تێگەیشتن و خۆ ئاشناکردن بە فەرهەنگی یەکتر لە نێو ماڵی کوردیدا سەرەتایەکی باشە بۆ دروستکردنی ئەو نۆرم و

پێوەرە هاوبەشانە، کە ئەرکێکی هەنووکەیی دەسەڵاتدارانی پێکهاتەکانی زمانی کوردیە، ئەگەر بە گیانێکی نەتەوەیانە بروانن ئاسۆی دەمی کەلی داهاتووی زمانی کوردی ، وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو.

کەواتە بۆ گرێدانی پێهکاتەکانی نەتەوەی کورد و پێوەستیان پێکەوە، زمان ئەو بەستەر و گرێدەرەیە کە تاکەکان لە فەرهەنگێکی هاوبەشدا کۆدەکاتەوە و دەبێتە مەکۆیەک کە هەموو بەشێک خۆی لەو نەتەوەیەدا بدۆزێتەوە. لێرەدا با کورد وەکو نەتەوەش وڵاتی فەرمی خۆی نەبێت، بەڵام بەجیهانی بوون و شۆرشی تەکنەلۆژیا، گیتی کردوەتە گوندێکی بچوک و پێوەندیەکانی ئاسان کردووە. زۆر ئاسایی و سانایە کە بە هۆی ئینەرنێتەوە کە تاکەکان بتوانن ئەو پێوەندیە ببەستن و جۆرێک کۆمۆنیکاسیۆنی بەردەوام دروست بکەن کە دیالۆگێکی ئاشتیانە بگرێتە خۆی کە بۆچوونەکان ئاوێتەی یەکتر بکات و ئەو هاوکایە دەروونی و سایکۆلۆژیە کە پێویستە بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش، بڕوێنێت.

سەرچاوە: تێگەیشتن لە مرۆڤەکان. ستیڤ، ر

Stevens, R ( 1998). *Att förstå människor*. Lund: Studentlitteratur.

## بەشی 13

# ڕۆڵی زمان لە بوون بە ئەندام لە ناو گروپدا

دیمانەی سۆسیۆسایکۆلۆژی
2008-5-22 سوێد

کۆمەڵگە هێزێکی ڕەهاو لە بنەهاتووی هەیە و نۆرم و پێوەرەکانی بەسەر تاکدا دەسەپێنێت. ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵاتی یاسای یان داب و نەریت بێت یان ئاین، تاک دەبێت مەلکەچی بێت. ئەو دەسەڵاتە بەپێی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە ڕەنگ دەداتەو. لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێک دەگۆڕدرێت. خۆ بە ئەندام زانینی تاک لە گروپێک یان کۆمەڵگەیەک لکاوە بە ئاستی بەدیهێنانی خواستەکانی تاک لە لایەک و ئاستی پێشکەوتنی مێژوویی ئەو کۆمەڵگەیەی تاک خۆی بە ئەندام تیایدا دەزانێت و ئەو هێزە سالارەی یان ئەو فرە سیستەمە ئەو کۆمەڵگەیە دەبات بەڕیوە.

بۆ ئەوەی تاک خۆی بە ئەندامێکی چالاکی گروپ یان کۆمەڵگە بزانێت دەبێت:

- ویستەکانی خۆی ببینێتەوە کە وەکو تاکێکی بزوت و ڕێزدار جێگەی هەیە.
- ناسینەوەی خودی تاک لە گەڵ کۆنتێکست و ژینگەی ئەو گروپە یان کۆمەڵگەیە.
- بەپیرهاتنی گروپ یان کۆمەڵگەکە بەڕوی ئەو تاکەوە.

- بوونی زمانێکی هاوبەش کە پردێکی دەروونی پتەو و هاوکەیە لە نێوان تاک و گروپ یان کۆمەڵگەدا دروست بکات، کە تاک نۆرم و پێکهاتەکانی خۆی تیا بدۆزێتەوە.

(Tomastu Shibudani) لاپەڕە 75 کە گروپناسە، ئەو دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر گروپێک یان کۆمەلگەیەک ئاواتەکانی تاکی تێدا جێ نەبیتەوە، هیزی ئەو گروپ و کۆمەڵگەیە بەسەر ئەو تاکەدا لاواز دەبێت و تاک خۆی بە ئەندامێک نازانێت و بە سانایی نا دەتوانێت خۆی پێوەیان گرێ بدات. لێرەدا دیسان زمان و سیمبۆلەکانی بەستەرێکی گرنگن بۆ ئەوەی تاک بەهای خۆی لە نێو گرووێکدا یان ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیدا بدۆزێتەوە. زمان ڕۆڵی ئامێرێکی چالاک دەبینێت بۆ بەستنەوەی ئەوە تاکە بەو پێوەر و نۆرمانەوە کە کاریان پێ دەکرێت و ئەو بەستەرە پێک دەهێنن کە تاک لەو گروپ و کۆمەڵگەیەدا خۆی پێ دەناسێتەوە. بۆ نموونە کەسێکی هەورامی لە ژینگەیەک یان ناوچەی هەورامان زیاتر خۆی دەبینێتەوە و دەناسێت تا لە شوێنێک یان لە ناو گروپێک ئەگەر هەورامی نەدوێن. هەمان نموونە گشتیبارە کاتێک سۆرانیەک یان کرمانجێک خۆی تێکەڵی گروپێکی هەورامی دەکات، چونکە وەکو ئامازەم پێ دا ئەو کەسە هەژارە لە ڕوی ئاشنابوونی بە هێماو پێوەرەکانی ناوچەی هەورامان.

کەواتە هەورامییەک (بە هۆی گرێدانی پێوەرە و نۆرمەکانی زمانی هەورامی و ئاشنابوونی ) لەڕوی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە کاریگەری کۆمەڵگەی هەورامانی پتر لەسەرە تاکو لە شارێکی وەکو سلێمانی کە بە سۆرانی دەپەڤێن، با زاراوەی سۆرانیش بزانێت.

کەواتە زمان هیچ کاریگەری نابێت بۆ گرێدانی تاک بە گروپ یان کۆمەڵگەیەکەوە، ئەگەر پردێکی هێمایی و پێوەرگەلێک

ئەو جەمسەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیە پێکەوە گرێ نەدات لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا لە هەردوو ئاستەکەدا، لەسەر ئاستی کۆمەڵگە(ماکرۆ) و ئاستی تاک (میکرۆ). ئەوە بەهۆی زمانەوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ هاومرۆڤەکانی خۆی، دەتوانێت بارێکی بابەتیانەی کۆمەڵایەتی فرەچەشن دروست بکات و سیستەمێک لە هەست و سۆز بێهێنێتە بەرهەم کە تام و چێژی ژیانی پێ بدات، کە بتوانێت خۆی تێدا بناسێتەوە. کەواتە زمان یەکەیەک و یاردەدەرێکی گرنگە بۆ مرۆڤ کە خودی وەکو مرۆڤێکی گرێدراو بە گروپ و کۆمەڵگەکەی بزانێت و بەهای خۆی لا ڕون ئاشکرا بێت، نەک خۆی گۆشگیر و بە پەراوێزکراو بزانێت (Svanberg, 4 2006, L. 7).

---


سەرچاوەی زانستی:

دەروونناسی گروپ، لە بارەی گروپ، ڕێکخراوەسازی و سەرکردایەتی کردن. شاری لوند: وێژەی خوێندکاران.

Svedberg, L (2006). *Grupppsykoloh, om grupper, organisation och ledarskap. Lund: Student litteratur.*

تێگەیشتن لە ڕۆژگار- بە دیمانەیەکی سیمبۆلیکی ئەنتەرئەکشونیستەوە. شاری لوند: وێژەی خوێندکاران.

Trost, J & Levin, I(2004). Att förstå vardagen- med ett symbolisk interaktionist perspektiv. *Lund: Student litteratur.*



ئاسۆ بیارەیی

- شوێنی لە دایک بوون: شاری سلێمانی
- خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی لە وڵاتی سوێد
- بەرهەم: کۆمەڵێک هونراوە، ساتیر، ووتاری ڕۆژانە و چەند ڕاپۆرتی زانستی لە سەر دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەورامان و گۆڤاری هەورامان.
- ئەندامی کۆمیتەی بەرگری لەڕۆژنامەوانی کوردستان
- ئەندامی ڕێکخراوی کوردۆساید-چاک

# The cesses of Standard Language

## Views and perspectives

**By Asso Byari**
**Sewden 2008**